زنجیرەی پەروەردە و بانگەواز
( ١٢٢ )

# چل
# فەرموودەی قورئانی

( الأَربَعُون القُرآنيَّة )

له دانانی
أحمد بن عبد الرَّزَّاق آل إبراهيم العنقري

وەرگێڕانی
محمد عبد الرحمن لطيف
وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهیم) / کەلار

چاپی دووەم
١٤٤١ ك

📖 **ناوی کتێب : چل فەرمووده قورئانی** .

📖 **ناوی نووسەر :** الشيخ أحمد بن عبد الرَّزَّاق آل إبراهيم العنقري حفظه الله .

📖 **ناوی وەرگێڕ :** محمد عبد الرحمن لطيف .

📖 **زنجیره :** زنجیرەی (١٢٢) له (زنجیرەی پەروەرده و بانگەواز) .

📖 **ژمارەی سپاردن :** ژماره سپاردنی (١١٤١)ی ساڵی (٢٠٢٠) پێ دراوه له لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوه .

📖 **نۆرەی چاپ :** دووەم .

📖 **ساڵی چاپ :** ١٤٤١ ك ـ ٢٠٢٠ .

📖 **شوێنی چاپ** : چاپەمەنی زانا / سلێمانی .


## له بڵاوکراوەکانی
## کتێبخانەی زانستی بەسوود / کەلار

قال الإمام الشافعي رحمهُ الله :

كُلُّ العُلومِ سِوَى القُرآنِ مَشغَلَة　　إلَّا الـحَدِيثَ وإلَّا الفِقْـهَ فِي الدِّينِ

العِلمُ ما كانَ فيـهِ قال حَدَّثَنا　　وما سِوَى ذَاكَ وَسواسُ الشَّياطيـنِ

## پێشەکی وەرگێڕ :

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایە میهرەبان و ڕەحمەت فراوانەی کە قورئانی پیرۆزی فێری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کردووە و فەرموویەتی : ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ۝١ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ ۝٢﴾ ، وە صەڵات و سەلامیش لەسەر ئەو پێغەمبەرە دڵفراوان و ماندوونەناسەی کە ئەو قورئانە پیرۆزەی بۆ دابەزیوە و پاشان وتە و وشە و واتاکانیشی گەیاندووە و ڕوونکردووەتەوە هەروەکو چۆن خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ ۝٦٧﴾ [المائدة] واتە : ئەی پێغەمبەر ئەوەی لە پەروەردگارتەوە بۆت دابەزیووە بیگەیەنە ، هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ۝٤٤﴾ [النحل] واتە : ئەی پێغەمبەر ئێمە ئەو قورئانەمان بۆ تۆ دابەزاندووە بۆ ئەوەی کە بۆ خەڵکی ڕوونبکەیتەوە ئەوەی کە بۆیان دابەزیوە و بەڵکو ئەوانیش بیربکەنەوە ، هەروەها دووبارە صەڵات و

سـەلام لەسـەر ئـەو پێغەمبـەرە خۆشەویستە بێت کـە فەرموویەتی : ((خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)) [رواه البخـاري]

واتـە : باشـترینتان ئـەو کەسـەیە کـە فێری قورئـان بـووە و خەڵکیشی لـێ فێرکردووە .

دیارە لێرەدا پێویستە تێبینـی لەسـەر ئـەوە بـدەین کـە مەبەسـتی پێغەمبـەر (ﷺ) لـەم فەرموودەیـەدا فێربـوون و فێرکردنی قورئانە بە وتە و وشـە و واتاکانیشیەوە هـەروەکو چۆن بەو شێوازە خۆی وەریگرتووە و گەیاندوویەتی ، خـوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَإِذَا قَرَأْنَاهُ فَاتَّبِعْ قُرْآنَهُ ۝١٨ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ ۝١٩﴾ [القيامة] واتە : کاتێك کە ئێمە (واتە : جبریـل) قورئـان دەخوێنینەوە ئەوا تۆ گوێ بگرە بۆ خوێندنەوەکەی ، ئـەنجا روونکردنەوەی واتا و ئەحکامەکانی لەسەر ئێمەیە .

قَالَ قَتَادَةُ فِي قَوْلِهِ : ﴿ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُ﴾ أَيْ : (تَفْصِيلَ أَحْكَامِهِ ، وَتَمْيِيزَ حَلَالِهِ مِنْ حَرَامِهِ)[1] واتە : شیکردنەوە و روونکردنـەوەی ئەحکامـەکانی قورئـان و لەیـەك جیاکردنـەوەی حـەڵاڵ و حەرامەکانی لەسەر ئێمەیە .

---

[1] أحكام القرآن لابن العربي المالكي : (٣ / ٥٠٠) .

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية : (يَجِبُ أَنْ يُعْلَمَ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) بَيَّنَ لِأَصْحَابِهِ مَعَانِيَ الْقُرْآنِ كَمَا بَيَّنَ لَهُمْ أَلْفَاظَهُ ، فَقَوْلُهُ تَعَالَى : ﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ [النحل] يَتَنَاوَلُ هَذَا وَهَذَا .

وَقَدْ قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِي : "حَدَّثَنَا الَّذِينَ كَانُوا يُقْرِئُونَنَا الْقُرْآنَ : كَعُثْمَانَ بْنِ عَفَّان وَعَبْدِ اللَّه بْنِ مَسْعُود وَغَيْرِهِمَا أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا تَعَلَّمُوا مِنْ النَّبِيِّ (ﷺ) عَشْرَ آيَات لَمْ يُجَاوِزُوهَا حَتَّى يَتَعَلَّمُوا مَا فِيهَا مِنْ الْعِلْمِ وَالْعَمَلِ ، قَالُوا : **فَتَعَلَّمْنَا الْقُرْآنَ وَالْعِلْمَ وَالْعَمَلَ جَمِيعًا**"، ... وَأَنَّ التَّابِعِينَ تَلَقَّوْا التَّفْسِيرَ عَنْ الصَّحَابَةِ كَمَا تَلَقَّوْا عَنْهُمْ عِلْمَ السُّنَّةِ)[٢].

**واتە : پێویستە ئەوە بزانرێت کە پێغەمبەر (ﷺ) واتاکانی قورئانی بۆ صەحابەکانی روونکردووەتەوە هەروەکو چۆن وتە دەربڕاوەکانی بۆیان روونکردووەتەوە ، هەر بۆیە فەرمایشتی خوای بەرز و پایەدار : ﴿ئەی پێغەمبەر ئێمە ئەو قورئانەمان بۆ تۆ دابەزاندووە بۆ ئەوەی کە بۆ خەڵکی روونبکەیتەوە ئەوەی کە بۆیان دابەزیوە﴾ ئەمە و ئەوەش دەگرێتەوە .**

---

(٢) مقدمة في أصول التفسير ص : (٤) .

وە (أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِي) فەرموويەتی : ئەوانەی کە قورئانیان پێدەوتینەوە وەکو (عُثْمَان)ی کوڕی (عَفَّان) و (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (مَسْعُود) و جگە لەوانیش بۆمانیان گێڕاوەتەوە کە ئەوان کاتێك کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فێری دە ئایەت دەبوون ئەو دە ئایەتەیان تێنەدەپەڕاند تاوەکو فێری ئەوەش نەبووایەن کە تێیدایە لە زانست و کردەوە ، فەرموویان : ئێمە پێکەوە فێری خوێندنەوەی قورئان و زانیاری بە واتاکانی و کردەوە پێکردنی بووین ...

وە شوێنکەوتوانی صەحابەش تەفسیری قورئانیان لە صەحابەکانەوە وەرگرتووە هەروەکو چۆن زانستی فەرموودەیان لێیانەوە وەرگرتووە .

وَقَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) : (كَانَ الرَّجُلُ مِنَّا إِذَا تَعَلَّمَ عَشْرَ آيَاتٍ **لَمْ يُجَاوِزْهُنَّ حَتَّى يَعْرِفَ مَعَانِيَهُنَّ وَالْعَمَلَ بِهِنَّ**)[٣] .

واتە : پیاوێك لە صەحابەکان کاتێك کە دە ئایەت فێردەبوو ئەو دە ئایەتەی تێنەدەپەڕاند تاوەکو فێری واتاکانیان و کردەوە پێکردنیان نەبووایەت .

لە پاش ئەوە : دووبارە سوپاس و ستایشی خوای میهرەبان و ڕەحمەت فراوان دەکەم لەسەر ئەوەی کە لەم سەردەمەی

---

[٣] تفسير الطبري : (٢ / ١٢٢) .

ئێستادا لە تێکڕای وڵاتان بە گشتی و لە کوردستانیش بە تایبەتی هەوڵدان و لێبڕانێکی باش هەیە بۆ فێربوون و فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز ، وە چەندین ناوەند و بنکەی تایبەتی حکومی و جگە لەوانەش لە لایەن چەندین ڕێکخراو و مامۆستای خۆبەخشەوە کراونەتەوە بۆ ئەم مەبەستە ، بەڕاستی ئەمە جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشی لێکردن و هاوکاری کردنی هەموو ئەو بەڕێزانەیە کە بەم ئەرکە پیرۆزە هەستاون .

بەڵام لێرەدا چەند تێبینییەك هەیە کە جێگای هەڵوێستە لەسەر کردن و قسە لەسەر کردنە :

١ / نەبوونی یان کەمبوونی گرنگیدان بە فێربوون و فێرکردنی تەفسیر و واتا و ئەحکامەکانی قورئانی پیرۆز لەو ناوەند و بنکە و مزگەوت و ماڵانەی کە گرنگی دەدەن بە لەبەرکردن و فێربوون و فێرکردنی قورئانی پیرۆز ، چونکە ئەوەی کە دەبینرێت و دەبیسرێت تەنها خۆکورتهەڵهێنانە لەسەر فێربوونی (زانستی تەجوید و مەخاریج و سیفاتی حەرفەکان) و (ڕاستکردنەوەی خوێندنەوە / تصحيح التلاوة) و (لەبەرکردن / الحِفظ) !

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کارێکی زۆر باشە بەڵام تێروتەسەل و تەواو و کامڵ و بەس نییە ، چونکە جیاواز و

پێـچەوانەیە بـە مەنهـەج و ڕێـڕەو و ڕێبـازی پێغەمبـەر (ﷺ) و صــەحابەکانی و شــوێنکەوتوانی صــەحابە و شــوێنکەوتوانی ئـەوانیش لـە سەلەفـی صـاڵحی ئـەم ئوممەتـە هـەروەکو چۆن پێشتر روونکرایەوە .

٢ / نــەبوونی یــان کــەمبوونی گرنگیــدان بــە فێربــوون و فێرکردنی ئاداب و ئەخلاقی مامۆستایان و قوتابیان و هـەڵگرانی قورئانی پیرۆز ، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشەوایانی ئیسلام لەبەر گرنگی ئـەم بوارە چـەندین کتێبیـان بـە تایبـەت لـەم بارەیـەوە نووسیوە ، لەوانە :

- (أخلاق حملة القرآن / للإمام الآجُرِّي الشافعي) .

- (التبيان في آداب حملة القرآن / للإمام النَّوَوِي الشافعي) .

- هەروەها لەم دواییانەش مامۆستای زۆر بـەڕێزمان (أَحْمَدُ بْنُ عَبْدِ الرَّزَاقِ العَنْقَرِي) کتێبێکـی کـورت و پوخـت و نـاوازەی لـەم بارەیەوە نووسی بە ناوی (**الأَرْبَعُونَ القُرْآنِيَّة**) کە بریتییە لەم کتێبەی بەردەستت ، هـەر بۆیـە بـە پێویـستم زانـی هەسـتم بـە وەرگێڕانی ئەم کتێبە پڕ سوودە بۆ سـەر زمـانی کـوردی بـەڵکو کەلێنێك لەو بۆشاییە گەورەیە پڕ بکاتەوە .

وە لێــرەدا جــێی ئامــاژە پێکردنــە لــە یەکــەمین جـاری گەیشتنمان بە خزمەت مامۆستای بەڕێزم (الشَّيْخ أَحْمَدُ بْنُ عَبْــدِ

الرَّزَّاقِ العَنْقَرِي) ـ ئەویش لە ماڵی مامۆستای زۆر بەڕێزمان (الشَّيْخ عَبْدُ اللهِ السَّعْد) لە شاری (الرِّيَاض) لە شەوی پێنج شەممە بەرواری (٢٨ / ربيع الآخر / ١٤٣٨) ـ ئیجازە و مۆڵەتم لە بەڕێزیان خواست بۆ گێڕانەوەی ئەم کتێبە لە بەڕێزیانەو و هەروەها وەرگێڕانیشی بۆ سەر زمانی کوردی ، بەڕێزیشیان بە خۆشحاڵیەوە مۆڵەتیان پێدام بۆ هەردووکیان ، پاشان لە ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری (٢٤ / مُحرَّم / ١٤٤٠) لە یەك دانیشتندا گوێ بیستی ئەم کتێبە بووم لە کاتی خوێندنەوەیدا بەسەر بەڕێزیاندا و لە هەمان کاتدا دووبارە مۆڵەتی گێڕانەوەی پێدامەوە بە شێوازی (بیستن / السَّمَاع) ، وە ماوەیەك پێش ئێستا داوام لە بەڕێزیان کرد کتێبەکەم لەسەر شێوەی (وۆرد) بۆ بنێرت تاوەکو لە کاتی وەرگێڕانیدا بە ئاسانی بتوانم دەقی فەرموودەکان وەك خۆی بگوێزمەوە و پاشان وەریانبگێڕم ، ئەوەبوو بەڕێزیان بە خۆشحاڵیەوە وەڵامیان دایەوە و کتێبەکەیان بۆ ناردم .

هەروەها لە میانەی شەرح کردن و بە دەرس وتنەوەی ئەم کتێبە بۆ چەندین جار ـ سوپاس بۆ خوای گەورە ـ زیاتر پێویستی گرنگیدان بەم کتێبەم بۆ روون بووەتەوە بۆ قوتابیانی قورئان لە هەر شوێنێك بن .

**تێبینی** : لێرەدا مامۆستای زۆر بەڕێزم (الشَّيْخ أَحْمَدُ العَنْقَــرِي) هەنـدێك جـار هەنـدێك روونكردنـەوەی كـورت و پـوختی نووسـیوە لەسەر هەندێك لە فەرموودەكانی ئەم كتێبە بە ناویشانی (**تَعْلِيق** / **لێدوان***) ، هەروەها بەڕێزیان شەرحێكی تێروتەسل و فراوانیـشیان لەسەر ئەم كتێبـە نووسـیوە و هەركەسێك روونكردنـەوەی زیـاتری ویست لەسەر فـەرموودەكان ئـەوا دەتوانێـت بگەڕێتـەوە سـەر ئـەو شەرحە .

وە بە ویست و یارمـەتی خـوای گـەورە لـە داهاتوویـەكی نزیكـدا هەندێك روونكردنەوە و شەرحێكی كورتی لەسەر دەنووسم بە سوود وەرگرتن لە شەرحی دانەری كتێبەكە خۆی .

**تێبینیـەكی تـر** : چـەندین زانـا و مامۆسـتای بـەرێز و پایـەدار پێـشەكییان بـۆ ئـەم كتێبـە نوسـیووە و ستاییـشی كتێبەكـەیان كردووە لەگەڵ دەستخۆشی لە نووسـەرەكەی ، بـەڵام ئێمـە لێـرەدا ئەو پێشەكییانەمان لابردووە بۆ ئەوەی كتێبەكە درێژ نەبێتەوە .

مُحمَّد عبد الرحمن لطيف

**پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە**

**(١٤ / ٥ / ١٤٤١) بەرامبەر بە (٩ / ١ / ٢٠٢٠)**

**كوردستان / كەلار / مزگەوتی شێخ إبراهیم**

* ئـەم وشـەیەمان (**لێدوان**) پێ‌گونـجاو بـوو لـە بەرامبـەر وشـەی (**تعليق**) كـە بـە مانـای بەدوادانووسـین و روونكردنەوەیەكی پوخت دێت لەسەر هەر بابەتێك كە لە شەرح و شیكردنەوە كورت و پوخت ترە .

## پێشەکی دانەر :

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان و صەڵات و سەلامیش لەسەر پێغەمبەرمان (مُحَمَّد) و شوێنکەوتوانی و صەحابەکانی هەرهەموویان ، دوای ئەوە .

ئەمە مەتنی[1] (چل فەرموودەی قورئانیە / الأَربَعُون القُرآنيَّة) ، چل فەرموودەم تێیدا کۆکردووەتەوە لەو فەرموودانەی کە بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە سەبارەت بە فەزڵ و چاکە و ئەحکام و ئادابەکانی قورئان .

وە سووربووم لەسەر ئەوەی فەرموودەیەك دابنێم کە دەستەواژەکەی نزیك و زۆر روون بێت بۆ ئەوەی لەبەرکردن و سوودلێبینین و کردەوە پێکردنی ئاسان بێت .

وە هەرکەسێك تێڕامێنێت لەو فەرموودانەی کە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتوون سەبارەت بە قورئان و فەزڵ و

---

[1] (المَتْن) بریتییە : لە ناوکرۆکە و کاکڵە و کورتە و پوختە و بنەماکانی هەر زانستێك ، کە شەرح و شیکردنەوە و لێکدانەوەی لەگەڵدا نییە .

**تێبینی** : بە پرس و ڕاوێژ و ڕەزامەندی مامۆستای بەڕێزمان (الشَّيْخ أَحْمَدُ العَنْقَرِي) لەم چاپەدا (تَخريج) و ناوی ئەو ئیمامانەی کە فەرموودەکانیان گێڕاوەتەوە گواستووەتەوە بۆ (حاشـــية) و پەراوێزی کتێبەکە ، ئەمەش وەك ئاسانکارییەك بۆ قوتابییانی زانست بۆ لەبەرکردنی فەرموودەکان .

چـاکەکانی دەبینێـت ئـەو فەرموودانـە تایبـەت نـین بـە لەبەرکردنی قورئان بە تەنها .

هەروەها تایبەتیش نین بە ڕێکوپێك دەربڕینی پیتەکانی و جوان خوێندنەوەی و دەنگخۆشکردن بـە خوێندنـەوەی ، بەڵکو ئەو کەسەی ئەو فەرموودانە دەخوێنێتەوە و تێڕامانیان تێدا دەکات دەبینێت ئەو فەرموودانە هاتوون بـە هانـدان بـۆ شارەزابوون و کردەوەپێکردن و خوێندنەوە و لەبەرکردنیش .

وە لە دوایيـدا بانگهێـشتی برایـان و خوشـکانم دەکـەم بـۆ دەستگرتن بە قورئان و فـەرموودە صـەحیحەکان و کـردەوە کـردن بـە هـەردووکیان لـە رواڵـەت و لـە ناخیـشدا ، وە بـۆ وازهێنان لە هەر شتێك کـە پێـچەوانەی قورئـان و فـەرموودە صەحیحەکانە لە بیدعە یان تاوان یان کەمتەرخەمی .

هـەروەها ئامـاژەش دەکـەم بـۆ ئـەوەی کـە ئـەم کتێبـە دابەشکراوە بەسەر چەند بەشێك بە پێی ئەمەی خوارەوە :

**بەشی یەکەم** : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سـەبارەت بـە فـەزڵ و چـاکەکانی قورئـان خوێندنـەوە و بـە کۆمـەڵ ڕامـان تێیدا بۆ دەرهێنانی سوود و ئەحکامەکانی .

بەشی دووەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە ئاداب و ئەحکامەکان .

بەشی سێیەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە فەزڵ و چاکەی لەبەرکردنی قورئان و پاداشتی خاوەنەکەی .

بەشی چوارەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە هاندان بۆ پارێزگاری لێکردن و پێداچوونەوەی قورئان .

بەشی پێنجەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە خۆشویستراوێتی جوانکردنەوەی دەنگ بە قورئان خوێندن .

بەشی شەشەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە نییەتونیاز پاکی کردەوە بۆ خوای گەورە .

بەشی حەوتەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە فەزڵ و چاکەکانی هەندێك لە سورەتەکان .

ئەمە و داوای یارمەتیدان و ڕاستیپێکان و نیازپاکی لە وتە و کردەوەدا لە خوا دەکەم ، وە داوا لە خوای پاك و بێگەرد دەکەم لە خۆمان و باوك و دایکمان و خێزانەکەمان خۆشبێت

زینـدوو و مردوویـان ، وه لـه مامۆسـتاکانمان و موسـڵمانانی پیاو و ئافرەتیش ، وه خوایه داوات لـێدەکەم کـه ستایـشی پێغەمبەرمان (مُحَمَّد) بکەیت و سەلامەت و پارێزراوی بکەیت هەروەها شوێنکەوتوانی و صەحابەکانی هەرهەموویان .

**نووسینی**

أحمد بن عبد الرَّزَّاق بن مُحمَّد بن زيد آل إبراهيم العنقري

**له (٢٥ / ١٢ / ١٤٢٧ ك) له شاری ڕیازدا نووسراوه**

**مۆبایل / ٥٠٠٨٥٠٩٦٥ / ٠٠٩٦٦**

ئیمەیڵ / a.al-ibrahim@hotmail.com

۞ ۞ ۞

# چۆنێتی لەبەرکردنی فەرموودەکان

یەکـەم : مەبەسـت و ئامـانج لـە لەبـەرکردنی فـەرموودە بریتیی‌یە لە لـێشارەزابوون و کردەوە پێکردنی و نەهێـشتنی نەزانی لەسەر خۆت .

دووەم : فەرموودەکان جیاوازن لە رووی درێژی و کورتیەوە ، وە بە دڵنیاییەوە - برای بەڕێزم - تۆ لەبـەرکردنێکت دەوێـت کـە ڕۆچـووبێت لـە مێـشکدا ، نـەك لەبـەرکردنێك کـە نزیکـە لەوەی کە ڕۆژێك بمێنێتەوە و ئەنجا لەبیربچێتەوە .

ئەمەش ڕێگایەکی ئاسانە دەیخەمە بەردەستت :

١ - یەك فـەرموودە ببـە ، ئـەنجا سێ جـار بیخوێنـەرەوە لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەڵە زمانەوانییەکان ئەگەر هـەبوون ، ئـەنجا بـە شـێوەیەکی کـەمێك خێـرا (١٠) جـار فەرموودەکـە دووبارە بکەرەوە .

٢ - فەرموودەکـە لـە نێـوان (١٠) بـۆ (٢٠) جـار دووبـارە بکــەرەوە بــە ســەیرکردنی بــە شــێوەی وێنەنەخــشاندنی مەتنەکە لە مێشکتدا ، ئـەنجا لـە نێـوان (١٠) بـۆ (٣٠) جـار فەرموودەکە دووبارە بکەرەوە بەڵام بە لەبەرکراوی .

٣ ـ هەوڵ بدە ئەوەی کە لەبەرت کردووە لەسەر هەموو بار و حاڵەتەکانت (بە پێوە ، بە دانیشتنەوە ، وە لە پێش خەوتن ، وە لە ڕێگای مزگەوت)دا دووبارە بکەیتەوە ، بەدڵنیایی بەرهەمەکەی دەبینیت بە ویستی خوا .

٤ ـ سووربە لەسەر دووبارەکردنەوەی لەبەرکراوەکە (١٠٠) جار ، وە هەتاوەکو ژمارەی جاری دووبارەکردنەوەکان زیاتر بێت ئەوا لەبەرکردنەکە زیاتر جێگیر و ڕۆچوودەبێت .

وە لەوەی کە پێویستە روونبکرێتەوە ئەوەیە کە : خەڵکی جیاوازن لە لەبەرکردندا ، وە هەمووشی لەسەر خێرە و هەمووشی پاداشت وەردەگرێتەوە إِنْ شَاءَ اللَّهُ .

❁ ❁ ❁

## وتاری کتێبەکە

بسم الله الرحمن الرحيم

عَنْ أَمِيرِ الْمُؤْمِنِينَ أَبِي حَفْصٍ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : ((**إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى ، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَوْ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا**[١] **فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ**))[٢].

**واتە : بەڕاستی هەموو کردەوەکان بە نیازەوە (نیەتەوە) ئەنجام دەدرێن ، وە بەدڵنیایی هەموو کەسێك تەنها ئەوەی دەست دەکەوێت کە نیازی بووە ، جا هەرکەسێك کۆچکردنەکەی بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی بێت ئەوا کۆچکردنەکەی لای خوا و پێغەمبەرەکەی وەرگیراو دەبێت ، وە هەرکەسێك کۆچکردنەکەی بۆ دونیا بێت دەستی کەوێت یان بۆ ئافرەتێك بێت مارەی بکات ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ ئەوە بووە کە کۆچی بۆ کردووە .**

---

[١] وفـي رواية أخرى : ((**يَتَزَوَّجُهَا**)) .

[٢] رواه البخاري ومسلم .

**لێدوان :**

دانەر خوا لـێی ببـورێت فەرمـوویەتی : بەڕاستی بەم فەرموودەیـە دەسـتم پێکـرد وەکـو چـاولێکردنێك بـۆ پێشەوایانمان بە گشتی و بۆ پێشەوای (ئەهلی حەدیث)یش بە بێ بەرهەڵستکار (باوکی عبد الله ئیمامی بوخاری) لە صەحیحەکەیدا بە تایبەتی ، پێشەوایانی ئەم ئوممەتە پێیان خۆشبووە بەم فەرموودەیە کتێبەکانیان دەست پێبکەن هەروەکو چۆن ئیمامی (عبد الرحمن بـن مهـدي) رەحمەتی خوای بەرز و پایەداری لێبێت فەرموویەتی : (مَنْ أَرَادَ أَنْ يُصَنِّفَ كِتَاباً فَلْيَبْدَأْ بِحَدِيْثِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ﷺ : "إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ" فِي كُلِّ بَابٍ) واتە : هەرکەسێك دەیەوێت کتێبێك دابنێت ئەوا با لە هەموو بابەتێکدا بە فەرموودەکەی (عُمَرُ بْنُ الْخَطَّاب ﷺ) : ((إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ)) دەست پێبکات .

لەبەر ئەمە منیش کتێبەکەم (**چل فەرموودەی قورئانی / الأَربَعُون القُرآنيَّة**)م بەم فەرموودەیە دەست پێکرد وەکو وریاکردنەوەیەك بۆ خۆم و بۆ خوێنەر و بۆ قوتابی عیلم لەسەر ڕاستکردنەوەی نییەت و مەبەست لە هەموو کردەوە دیار و شاراوەکانماندا .

## بەشی یەکەم

## ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە فەزڵەکانی قورئان خوێندنەوە و بە کۆمەڵ ڕامان تێیدا

(الأَحَادِيْثُ الوَارِدَةُ : فِي فَضَائِلِ قِرَاءَةِ القُرْآنِ وَمُدَارَسَتِهِ)

**فەرموودەی یەکەم : (فَضْلُ مُدَارَسَةِ القُرْآنِ / فەزڵی بە کۆمەڵ ڕامان و ووردبوونەوە لە قورئان) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((**وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ ، وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ**))[1].

**واتە : وە هیچ کۆمەڵە خەڵکێك نیيە لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوادا کۆببنەوە و کتێبەکەی خوا بخوێننەوە و لە نێوان خۆیاندا تێڕامانی تێدا بکەن و گفتوگۆ بکەن بۆ دەرهێنانی سوود و ئەحکامەکانی ئیللا ئارامی و ئاسوودەیی دادەبەزێتە سەر سەریان و ڕەحمەتی خوا دەیانگرێتەوە و فریشتەکان**

---

[1] رواه مسلم وأبو داود وغيرهما .

دەوریـــان دەگـــرن و خـــوای گـــــەورە باســـیان دەكـــات لای ئەوانـــەی كـــە لـــە لای خۆیـدان ، وە هەركەسـێك كردەوەكـەی دوای بخات ئەوا ڕەچەڵەكی پێشی ناخات .

## لێدوان :

ئەم فەرموودەیە تەنها كۆمەڵە كەسانێك ناگرێتـەوە بـەڵكو بـە هـەمان شـێوە تـاكیش دەگرێتـەوە ، جـا ئەگـەر كەسـێك خۆی بە تەنهاش هەستێت بە زیكری خـوا ئـەوا ئـەو فەزڵـەی كە باسكراوە دەستی دەكەوێت .

✿ ✿ ✿

**فەرموودەی دووەم : (قِرَاءَةُ الحَرْفِ الوَاحِدِ مِنْ كِتَابِ اللهِ بِعَشْرِ حَسَنَاتٍ / خوێندنەوەی پیتێك لە کتێبەکەی خوا بە دە چاکەیە) :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، لَا أَقُولُ : ﴿الٓمٓ﴾ حَرْفٌ، وَلَكِنْ أَلِفٌ حَرْفٌ وَلَامٌ حَرْفٌ وَمِيمٌ حَرْفٌ))**(١).

**واتە : هەرکەسێك پیتێك لە قورئان بخوێنێتەوە ئەوا بە خوێندنەوەی تەنها ئەو پیتە چاکەیەکی بۆ هەیە ، وە چاکەش یەك بە دەیە ، ناڵێم : ﴿الٓمٓ﴾ پیتێکە ، بەڵکو (أَلِفْ) پیتێکە و (لَام)یش پیتێکە و (مِیم)یش پیتێکە .**

❁ ❁ ❁

(١) رواه الترمذي والدارمي ، وقال أبو عيسى : هذا حديث حسن صحيح غريب ، وصححه الألبانـي ، وقد سألت شيخنا عبد الله السعد عنه فقال : لا بأس به .

**فەرموودەی سێیەم : (شَفَاعَةُ القُرْآنِ لِأَصْحَابِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ / شـەفاعەت و تکـاکردنی قورئـان بـۆ هاوەڵـەکانی لـە ڕۆژی قیامەتدا) :**

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : ((**اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ**))[(١)] .

**واتە : قورئان بخوێننەوە چونکە لـە ڕۆژی قیامەتـدا دێـت شەفاعەت و تکا دەکات بۆ هاوەڵەکانی .**

**لێدوان :**

**ئەم فەرموودەیە سەلماندنی شەفاعەت و تکاکردنی تێدایـە لە ڕۆژی قیامەتـدا سـەرەڕای جیـاوازی جۆرەکـانی تکـاکردن و تکاکاران ، وە شەفاعەت و تکاکردن بەر کەس ناکـەوێت تـەنها یەکخواپەرست نەبێت ، بەڵام موشریك ئەوا شەفاعەت و تکای بۆ ناکرێت ـ ئەگەر چی لە هەموو خەڵك باشتر و زیاتریش قورئانی لەبەر بێت ـ چونکە کردەوەکانی لە دونیـادا هەڵوەشـاونەتەوە بە هـۆی شـیرکەوە و بـە هـەمان شـێوە لـە دوارۆژیـشدا لــێ قەبوڵ ناکرێت خوا پەنامان بدات لە شیرك و ئەهلی شیرك .**

---

(١) رواه مسلم .

**فەرموودەی چوارەم : (مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ / نموونەی ئەو ئیماندارەی کە قورئان دەخوێنێت و هەروەها مونافقیش) :**

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ مَثَلُ الْأُتْرُجَّةِ رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا طَيِّبٌ ، وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ مَثَلُ التَّمْرَةِ لَا رِيحَ لَهَا وَطَعْمُهَا حُلْوٌ ، وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ مَثَلُ الرَّيْحَانَةِ رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ ، وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَمَثَلِ الْحَنْظَلَةِ لَيْسَ لَهَا رِيحٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ))**[1] .

**واتە : نموونەی ئەو ئیماندارەی کە قورئان دەخوێنێت وەکو (ترنوج) وایە بۆنی خۆشە و تامیشی خۆشە ، وە نموونەی ئەو ئیماندارەش کە قورئان ناخوێنێت وەکو خورما وایە بۆنی نییە و تامی شیرینە ، وە نموونەی ئەو دووڕووەی کە قورئان دەخوێنێت وەکو ڕەیحانە وایە بۆنی خۆشە و**

---

[1] متفق عليه ، وورد في لفظٍ بدلَ ((الْمُنَافِقِ)) : ((الْفَاجِرِ)) .

واتە : وە لە لەفزێکی تردا لە بری وشەی ((دووڕوو)) : ((خراپەکار)) هاتووە .

تامی تاڵە ، وە نموونەی ئەو دووڕووەی کە قورئان نـاخوێنێت وەکو گوژاڵـك وایە بۆنی نیە و تامیشی تاڵە .

**لێدوان :**

((الْأُتْرُجَّةِ)) : (الْأُتْرُجُّ) بەروبوومێکی ناسراوە پێی دەوترێت (تُرُنْج) کۆکەرەوەی تام خۆشـی و بـۆن خۆشـیە ، وە پێـشی دەوترێت (الْأُتْرُنْجَة) ، بە کوردی پێی دەوترێت (ترونج) .

((الْحَنْظَلَةِ)) : (الْحَنْظَل) : روەکێکە درێژ دەبێتـەوە بەسـەر زەویدا وەکـو کاڵـەك ، وە بەروبوومەکـەی وەکـو بـەروبوومی کاڵــەك وایــە بــەڵام زۆر لــەو بــچوکترە ، وە بــە نموونــە دەهێنرێتەوە بۆ تاڵێتی .

❁ ❁ ❁

**فەرموودەی پێنجەم : (أَجْرُ الْمَاهِرِ بِالْقُرْآنِ وَالَّذِي يَتَتَعْتَعُ فِيهِ / پاداشتی ئەو کەسەی قورئان بە ڕەوانی دەخوێنێت و ئەوەشی زمانی تەتەڵەی تێدا دەکات) :**

عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) قَالَتْ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : **((الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ مَعَ السَّفَرَةِ الْكِرَامِ الْبَرَرَةِ ، وَالَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَتَتَعْتَعُ فِيهِ وَهُوَ عَلَيْهِ شَاقٌّ لَهُ أَجْرَانِ))** .

وَفِي رِوَايَةٍ : **((وَالَّذِي يَقْرَؤُهُ وَهُوَ يَشْتَدُّ عَلَيْهِ لَهُ أَجْرَانِ))**[1] .

**واتە : کەسێك کە قورئان بەڕەوانی دەخوێنێتەوە ئەوە لەگەڵ فریشتە نێردراوە بەڕێزە چاکەکارە گوێڕایەڵەکانە ، وە کەسێکیش کە قورئان دەخوێنێتەوە و یەکلا نیە تێیدا و لەسەری ناڕەحەتە ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە .**

**وە لە ریوایەتێکدا هاتووە : وە کەسێکیش کە قورئان دەخوێنێتەوە و لەسەری ناڕەحەتە ئەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە .**

---

[1] رواه البخاري ومسلم وأهل السنن واللفظ لـمسلم .

**لێدوان :**

((الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ)) : کەسێکی زیرەك و جوانخوێن و ڕێکوپێك دەربڕە کە قورئان دەخوێنێتەوە هەڵە ناکات و زمانی تەتەڵەی تێدا ناکات و خوێندنەوەکەش ناڕەحەت نییە لەسەری لەبەر جوانێتی و ڕێکوپێکێتی لەبەرکردنەکەی .

((يَتَتَعْتَعُ فِيهِ)) : ئەو کەسەیە کە لە خوێندنەوەکەیدا یەکلا نییە و ڕاڕایە لەبەر لاوازی لەبەرکردنەکەی ، ((لَهُ أَجْرَانِ / دوو پاداشتی بۆ هەیە)) : پاداشتێکی لەبەر قورئان خوێندنەوەکەی و پاداشتێکیش لەبەر یەکلا نەبوونەوەی لە خوێندنەوەکەی و ناڕەحەت بوونەکەی .

❁ ❁ ❁

**فەرموودەی شەشەم : (فَضْلُ قِرَاءَةِ القُرْآنِ فِي الصَّلَاةِ / فەزڵی قورئان خوێندن لە ناو نوێژدا) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((**أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ إِذَا رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ أَنْ يَجِدَ فِيهِ ثَلَاثَ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ ؟** قُلْنَا : نَعَمْ ، قَالَ : **فَثَلَاثُ آيَاتٍ يَقْرَأُ بِهِنَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاتِهِ خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلَاثِ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ**))[1] .

واتە : ئایا یەکێك لە ئێوە پێی خۆشە کاتێك گەڕایەوە بۆلای خێزانەکەی سێ وشتری ئاوسی گەورەی قەڵەویان تێدا ببینێت ؟ ئێمەش وتمان : بەڵێ ، فەرمووی : دەی یەکێك لە ئێوە سێ ئایەت لە ناو نوێژەکەیدا بخوێنێت باشترە بۆی لە سێ وشتری ئاوسی گەورەی قەڵەو .

**لێدوان :**

(الخَلِفَةُ) : واتە : وشتری ئاوس .

✿ ✿ ✿

---

[1] رواه مسلم .

**فـەرموودەی حەوتـەم : (فَـضْلُ الَّـذِينَ يَعمَلُـونَ بِـالقُرْآنِ / فەزڵی ئەو کەسانەی کردەوە بە قورئان دەکەن) :**

عَن النَّوَّاسِ بْن سَمْعَانَ الْكِلَابِيِّ (﵁) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((**يُؤْتَى بِالْقُرْآنِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَهْلِهِ الَّذِينَ كَانُوا يَعْمَلُونَ بِهِ تَقَدَّمُهُمْ سُورَةُ الْبَقَرَةِ وَآلِ عِمْـرَانَ** ، وَضَـرَبَ لَهُمَـا رَسُـولُ اللهِ (ﷺ) ثَلَاثَةَ أَمْثَالٍ مَا نَسِيتُهُنَّ بَعْدُ ، قَـــالَ: **كَأَنَّهُمَــا غَمَــامَتَانِ أَوْ ظُلَّتَانِ سَوْدَاوَانِ بَيْنَهُمَـا شَرْقٌ أَوْ كَأَنَّهُمَـا فِرْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ ، يُحَاجَّانِ عَنْ صَاحِبِهِمَـا**))[1] .

**واتــە : لــە ڕۆژی قیامەتــدا قورئــان دەهێنرێـت و ئـەهلی قورئـانیش ئەوانـەی کـە کردەوەیـان پـێکردووە و هـەردوو سـورەتی (البَقَرَة) و (آلِ عِمْرَان)یـش پێشیان دەکـەون ، وە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـێ نموونـەی بۆیـان هێنایـەوە کـە تاوەکو ئێستا لـەبیرم نـەکردوون ، فـەرمووی : هـەردووکیان وەکو دوو پەڵە هەور یان دوو پەڵـە سێبەر وان لـە نێوانیـادا**

[1] هذا لفظ أحمد ، ورواه مسلم لكن فيه بدل (**تَقَدَّمُهُم**) : (**تَقْدُمُهُ**) ، وبــدل (**يُحَاجَّانِ**) : (**تُحَاجَّانِ**) .

تیشك و رووناكییەك هەیە یان وەكو دوو پۆل باڵندە وان و بەرگری لە هاوەڵەكانیان دەكەن .

وعَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَعْمَلُ بِهِ كَمَثَلِ الْأُتْرُجَّةِ طَيِّبَةِ الطَّعْمِ طَيِّبَةِ الرِّيحِ ، وَمَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَعْمَلُ بِهِ كَمَثَلِ التَّمْرَةِ طَيِّبَةِ الطَّعْمِ وَلَا رِيحَ لَهَا))[1] .

واته : نموونەی ئەو ئیماندارەی كە قورئان دەخوێنێت و كردەوەشی پێدەكات وەكو (ترنوج) وایە تامی خۆشە و بۆنیشی خۆشە ، وە نموونەی ئەو ئیماندارەش كە قورئان ناخوێنێت و كردەوەی پێدەكات وەكو خورما وایە تامی خۆشە و بۆنی نی‌یە .

## لێدوان :

(ابن القيم) فەرموویەتی : **ئەهلی قورئان** ئەو كەسانەن كە زانا و شارەزان بە قورئان و كردەوە دەكەن بەوەی كە تێیدایە ئەگەر چی لەبەریشیان نەكردبێت ، بەڵام ئەو

---

[1] رواه البخاري .

کەسەی کە لەبەریکردووە و لێی تێنەگەیشتووە و کردەوەی نەکردووە بەوەی کە تێیدایە ئەوە لە ئەهلی قورئان نییە ئەگەر چی پیتەکانیشی ڕێك و ڕاست دەربڕێت وەکو ڕێك و ڕاستی تیر .

وە فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) : ((كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ / هەردووکیان وەکو دوو پەڵە هەور وان)) واتە : پاداشتی هەردوو سورەتی (البَقَرَة) و (آلِ عِمْرَان) وەکو دوو پەڵە هەوری گەورە وان ، ((أَوْ ظُلَّتَانِ سَوْدَاوَانِ بَيْنَهُمَا شَرْقٌ / یان وەکو دوو پەڵە سێبەر وان لە نێوانیاندا ڕووناکییەك هەیە)) لەبەر چڕ و پڕی و کەوتنی هەندێکیان بەسەر ئەوی تریاندا بۆ ئەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا ببن بە سێبەر بۆ خوێنەری هەردووکیان لە گەرمی خۆر ، وە فەرمایشتی : ((بَيْنَهُمَا شَرْقٌ / لە نێوانیاندا تیشك و ڕووناکییەك هەیە)) واتە : تیشك و ڕووناکی ئەو درزەی نێوان دوو پەڵە سێبەرەکە بریتییە لە ڕووناکی خۆر ئەمەش تێبینیە بۆ ئەوەی کە ئەو دوو پەڵە سێبەرە لەگەڵ چڕبوونیشیان ئەو تیشکە ناپۆشن ، ((أَوْ كَأَنَّهُمَا فِرْقَانِ)) واتە : یان وەکو دوو پۆل باڵندەن ،

((مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ)) واته : ڕیز دەبن هەروەکو چۆن نوێژئەنجامدەران بەڕیز دەوەستن ، ((يُحَاجَّانِ)) واته : داکۆکی و بەرگری دەکەن ، ((عَنْ صَاحِبِهِمَا)) لەو کەسەی کە بەردەوامە لە خوێندنەوەی قورئان و کردەوە پێکردنی .

**فـەرموودەی هەشـتـەم : (فَضْلُ قِراءَةِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِـي الْبَيْتِ / فەزڵی خوێندنەوەی** (سُورَةُ الْبَقَرَة) **لە ماڵدا) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّـهِ (صلى الله عليه وسلم) قَـالَ : ((**لَا تَجْعَلُـوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنْ الْبَيْـتِ الَّـذِي تُقْـرَأُ فِيـهِ سُـورَةُ الْبَقَرَةِ**))[1].

**واتە : ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕسـتان بەڕاسـتی شەيتــان لە ماڵێك ڕادەکات کە** (سُورَةُ الْبَقَرَة)**ی تێدا بخوێنرێتەوە .**

❁ ❁ ❁

---

[1] رواه مسلم .

**فـەرمووده‌ی نۆیـه‌م : (فَضْلُ الجَاهِرِ وَالمُسرِّ بِالقُرْآنِ / فه‌زڵی ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ به‌ ئاشكرا و ئه‌وه‌یش كه‌ به‌ نهێنی قورئان ده‌خوێنێته‌وه‌) :**

عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : ((**الجَاهِرُ بِالقُرْآنِ كَالجَاهِرِ بِالصَّدَقَةِ ، وَالمُسِرُّ بِالقُرْآنِ كَالمُسِرِّ بِالصَّدَقَةِ**))[١].

**واته‌ : ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ به‌ ئاشكرا و ده‌نگی به‌رز قورئان ده‌خوێنێت وه‌كو ئه‌و كه‌سه‌ وایه‌ كه‌ به‌ ئاشكرا خێر و صه‌ده‌قه‌ ده‌كات ، وه‌ ئه‌و كه‌سه‌ش كه‌ به‌ نهێنی و ده‌نگی نزم قورئان ده‌خوێنێت وه‌كو ئه‌و كه‌سه‌ وایه‌ كه‌ به‌ نهێنی خێر و صه‌ده‌قه‌ ده‌كات .**

❁ ❁ ❁

[١] رواه أحمد والترمذي وأبو داود والنسائي ، وقال أبو عيسى الترمذي : هذا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ وصححه الألبانــي .

فــــــەرموودەی دەیـــــەم : (حُــبُّ اسْــتِمَاعِ القُــرْآنِ / خۆشەویستی بیستنی قورئان) :

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((اقْرَأْ عَلَيَّ الْقُرْآنَ ، قَالَ : فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَقْرَأُ عَلَيْكَ وَعَلَيْكَ أُنْزِلَ ؟ قَالَ : إِنِّي أَشْتَهِي أَنْ أَسْمَعَهُ مِنْ غَيْرِي فَقَرَأْتُ النِّسَاءَ حَتَّى إِذَا بَلَغْتُ : ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴾ ، فَرَفَعْتُ رَأْسِي أَوْ غَمَزَنِي رَجُلٌ إِلَى جَنْبِي فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَرَأَيْتُ دُمُوعَهُ تَسِيلُ))[1] .

واته : (عَبْدُ اللَّــه)ی کوڕی (مَـسْعُود) (رضي الله عنه) فەرموویـەتی : پێغەمبـەری خـوا (صلى الله عليه وسلم) بـە منـی فـەرموو : قورئـانم بەسـەردا بخوێنــە ، فــەرمووی : منــیش وتم : ئــەی پێغەمبــەری خــوا بەسەر تۆدا بیخوێنم لە کاتێکدا کە بەسـەر تـۆدا دابـەزیوە ؟ فــەرمووی : بەڕاسـتی مـن تامـەزرۆی ئـەوەم لـە جگـە لـە خۆمەوە بیبیستم ، منیش سورەتی (النِّسَاء)م خوێند تـاوەکو

[1] رواه البخاري ومسلم واللفظ له .

گەیشتمە (﴿ فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا ﴾ / واتە : باشە دەبێت حالّی خەلّكی چۆن بێت كاتێك كە لە نێو هەموو ئومەتێك شایەتحالێك دێنین و تۆیش بە شایەتحالّ دێنین بەسەر هەموو ئەوانەدا) ، لەو ساتەدا سەرم بەرز كردەوە یان پیاوێك لە تەنیشتمەوە دەستی لێدام و منیش سەرم بەرز كردەوە بینیم فرمێسكەكانی دەچۆڕێت .

## بەشی دووەم
## سەبارەت بە ئاداب و ئەحکامەکان
## (الفَصْلُ الثَّانِي فِي الآدَابُ وَالأَحْكَام)

**فەرموودەی یازدەیەم : (غِبْطَةُ صَاحِبِ القُرْآنِ / ئاواتخواستن بە هاوەڵی قورئان) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((**لَا حَسَدَ إِلَّا فِي اثْنَتَيْنِ : رَجُلٌ عَلَّمَهُ اللَّهُ الْقُرْآنَ فَهُوَ يَتْلُوهُ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ فَسَمِعَهُ جَارٌ لَهُ فَقَالَ : لَيْتَنِي أُوتِيتُ مِثْلَ مَا أُوتِيَ فُلَانٌ فَعَمِلْتُ مِثْلَ مَا يَعْمَلُ .**

**وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالًا فَهُوَ يُهْلِكُهُ فِي الْحَقِّ فَقَالَ رَجُلٌ : لَيْتَنِي أُوتِيتُ مِثْلَ مَا أُوتِيَ فُلَانٌ فَعَمِلْتُ مِثْلَ مَا يَعْمَلُ**))[١] .

واتە : حەسودی پێبردن دروست نییە تەنها لە دوو شتدا نەبێت : پیاوێك كە خوا قورئانی فێركردووە و لە ساتە وەختەكانی شەو و ڕۆژدا دەیخوێنێتەوە و دراوسێیەكی

---
(١) رواه البخاري وأحمد واللفظ للبخاري .

گوێی لێدەبێت و دەڵێت : خۆزگە منیش نموونەی ئەوەم پێبدرایا کە بە فلان دراوە و منیش وەکو کردەوەکەی ئەوم بکردایا .

وە پیاوێکیش کە خوا پارە و ماڵی پێداوە و لە خزمەتی حەقدا دەیبەخشێتەوە و پیاوێکی تر دەڵێت : خۆزگە منیش نموونەی ئەوەم پێبدرایا کە بە فلان دراوە و منیش وەکو کردەوەکەی ئەوم بکردایا .

۞ ۞ ۞

**فەرموودەی دوانزەیەم : (كَيْفِيَّةُ قِرَاءَةِ النَّبِيِّ (ﷺ) لِلْقُرْآنِ / چۆنێتی قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) ) :**

**عَنْ حُذَيْفَةَ (رضي الله عنه) : ((أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) صَلَّى فَكَانَ إِذَا مَرَّ بِآيَةِ رَحْمَةٍ سَأَلَ ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةِ عَذَابٍ اسْتَجَارَ ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةٍ فِيهَا تَنْزِيهٌ لِلَّهِ سَبَّحَ))[1] .**

**واتە : پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی كردووە و كە بەسەر ئایەتێكدا تێپەڕبووبێت باسی ڕەحمەت و میهرەبانی تێدا بووبێت داوای لە خوا كردووە ، وە كە بەسەر ئایەتێكدا تێپەڕبووبێت باسی سزای تێدا بووبێت پەنای بە خوا گرتووە ، وە كە بەسەر ئایەتێكدا تێپەڕبووبێت باسی پاكڕاگرتنی خوای تێدا بووبێت لە كەموكوڕی و نقوسانی (سُبْحَانَ اللهِ)ی وتووە .**

**وَعَنْهُ (رضي الله عنه) : ((أَنَّهُ صَلَّى إِلَى جَنْبِ النَّبِيِّ (ﷺ) لَيْلَةً فَقَرَأَ ، فَكَانَ إِذَا مَرَّ بِآيَةِ عَذَابٍ وَقَفَ وَتَعَوَّذَ ، وَإِذَا مَرَّ بِآيَةِ رَحْمَةٍ وَقَفَ فَدَعَا))[2] .**

---

[1] رواه ابن ماجه وصححه الألباني .

[2] رواه النَّسَائي وصححه الألباني .

واتە : (حُذَيْفَةَ ﷺ) شەوێك لە تەنیشت پێغەمبەرەوە (ﷺ) نوێژی كردووە و پێغەمبەر (ﷺ) قورئانی خوێندووە و كە بەسەر ئایەتێكدا تێپەڕبووبێت باسی سزای تێدا بووبێت وەستاوە و پەنای بە خوا گرتووە ، وە كە بەسەر ئایەتێكدا تێپەڕبووبێت باسی ڕەحمەت و میهرەبانی تێدا بووبێت وەستاوە و پاڕاوەتەوە .

**فەرموودەی سیانزەیەم : (الْمُدَّةُ الَّتِّي يُخْتَمُ فِيهَا الْقُرْآنُ / ئەو ماوەیەی کە هەموو قورئانی تێدا دەخوێنرێتەوە) :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ لَهُ : ((**اقْرَأْ الْقُرْآنَ فِي شَهْرٍ** ، قَالَ : إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً ، قَالَ : **اقْرَأْ فِي عِشْرِينَ** ، قَالَ : إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً ، قَالَ : **اقْرَأْ فِي خَمْسَ عَشْرَةَ** ، قَالَ : إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً ، قَالَ : **اقْرَأْ فِي عَشْرٍ** ، قَالَ : إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً ، قَالَ : **اقْرَأْ فِي سَبْعٍ وَلَا تَزِيدَنَّ عَلَى ذَلِكَ**))[1] .

**واتە : پێغەمبەر (ﷺ) بە (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (عەمر)ی فەرمووە : قورئان بخوێنەرەوە لە ماوەی مانگێکدا ، فەرمووی : من توانام تێدایە ، فەرمووی : لە بیست ڕۆژدا بیخوێنەرەوە ، فەرمووی : من توانام تێدایە ، فەرمووی : لە پانزە ڕۆژدا بیخوێنەرەوە ، فەرمووی : من توانام تێدایە ، فەرمووی : لە دە ڕۆژدا بیخوێنەرەوە ، فەرمووی : من توانام تێدایە ، فەرمووی : لە حەوت ڕۆژدا بیخوێنەرەوە و زیاتری سەرمەخە .**

---

(1) أخرجه البخاري ومسلم وأبو داود واللفظ لأبـــي داود .

**لێدوان :**

**ئەم فەرموودەیە لە تایبەتمەندییەکانی (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (عەمر)ی کوڕی (العَاص)ـە (﵄) چونکە پێغەمبەر (ﷺ) بەمە ڕێنمایی کردووە لەبەر ئەوەی کە بینیویەتی لە حاڵ و وزە و توانای ، هەر بۆیە کاتێك کە (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (عەمر) (﵄) گەورەتەمەن بوو ئەو قورئان خوێندنەوە و کردەوە زۆرەی لەسەر قورس و ناڕەحەت بوو و فەرمووی هەروەکو لای (البُخاري) هاتووە :** ((لَيْتَنِي قَبِلْتُ رُخْصَةَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) وَذَاكَ أَنِّي كَبِرْتُ وَضَعُفْتُ ، فَكَانَ يَقْرَأُ عَلَى بَعْضِ أَهْلِهِ السُّبْعَ مِنْ الْقُرْآنِ بِالنَّهَارِ ، وَالَّذِي يَقْرَؤُهُ يَعْرِضُهُ مِنْ النَّهَارِ لِيَكُونَ أَخَفَّ عَلَيْهِ بِاللَّيْلِ ، وَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَتَقَوَّى أَفْطَرَ أَيَّامًا وَأَحْصَى وَصَامَ مِثْلَهُنَّ كَرَاهِيَةَ أَنْ يَتْرُكَ شَيْئًا فَارَقَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَلَيْهِ)) **واتە : خۆزگە روخسەت و ئاسانکارییەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) قەبوڵ بکردایەت ئەوەش لەبەر ئەوەیە من ئێستا گەورەبووم و لاواز و بێهێزبووم ، بۆیە یەك لە حەوتی قورئانی لە ڕۆژدا دەخوێندەوە بەسەر هەندێك لە کەسوکاریدا ، وە ئەوەی کە لە شەودا دەیخوێندەوە لە ڕۆژدا دووبارەی دەکردەوە بۆ**

ئەوەی لە شەودا لەسەری سووك و ئاسان بێت ، وە ئەگەر بیویستایەت بە هێز ببێت ئەوا چەند ڕۆژێك بەڕۆژوو نەدەبوو و دەیانی ژمارد و ئەنجا هاوشێوەی ئەو ڕۆژانە بەڕۆژوو دەبوو چونکە پێی باش نەبوو واز لە شتێك بێنێت کە لەسەری دابڕابوو لە پێغەمبەر (ﷺ) .

ئەم شتەم لێرەدا روون کردەوە بۆ ئەوەی وا گومان نەبرێت ئەوانەی کە قورئانیان لە ڕۆژێکدا یان لە دوو ڕۆژدا تەواو کردووە لە صەحابەکان پێچەوانەی ئەوەیان کردووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردووە بە (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (عەمر) ، ئەمەش وا نیيە ، بەڵکو وەڵامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بە پێی حاڵی کەسی پرسیارکار و داخوازیکاری فەتواکەیە بە تایبەت ، وە ئەحکام و بەڵگە لەسەربووەکانی لێدەردەهێنرێت بە گشتی ، کەواتە فەرموودەکە تایبەتمەندێتی و گشتێتیشی تێدایە .

❁ ❁ ❁

**فەرموودەی چواردەیەم : (يُسْتَحَبُّ لِمَنْ مَرَّ بِآيَةِ سَجْدَةٍ أَنْ يَسْجُدَ / خۆشویستراوە ــ سوننەتە ــ بۆ کەسێك کە بەسەر ئایەتی سوجدەدا تێپەڕبوو سوجدە ببات) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((**إِذَا قَرَأَ ابْنُ آدَمَ السَّجْدَةَ فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشَّيْطَانُ يَبْكِي ، يَقُولُ : يَا وَيْلَهُ أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الْجَنَّةُ ، وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَعَصَيْتُ فَلِيَ النَّارُ**))[١] .

وعند البَغَوي في السُّنة : ((**فَيَقُولُ: يَا وَيْلَهُ ، أُمِرَ هَذَا بِالسُّجُودِ** ...)) إلــخ .

**واتە : کاتێك کە ئادەمیزاد ئەو ئایەتانە دەخوێنێتەوە کە سوجدەیان تێدایە و سوجدە دەبات شەیتان لێی دوورەپەرێز دەبێتەوە و دەگری و دەڵێت : وەیل و تیاچوون بۆ من ئادەمیزاد فەرمانی پێکرا بە سوجدەبردن و سوجدەی برد و بەهەشتی بۆ هەیە ، وە منیش فەرمانم پێکرا بە سوجدەبردن و سەرپێچیم کرد و ئاگرم بۆ هەیە .**

---

[١] رواه مسلم .

وە لای ئیمامی (البَغَوي) لـە کتێبـی (الـسُّنة)دا هـاتووە :

(... شـەیتان دەڵێـت : وەیـل و تیاچـوون بـۆ مـن ، ئەمـە فەرمانی پێکرا بە سوجدەبردن ...) هتد .

**لێدوان :**

سـوجدەبردن وابەسـتە نـیـە تـەنها بـە سـورەتی (السَّجْدَة)وە ، بەڵکو وابەستەیە بە هەموو ئەو سوجدانەی کە لە قورئاندا هاتوون کە بریتین لە پانزە سوجدە .

**فەرموودەی پانزەیەم : (كَرَاهَةُ رَفْعِ الصَّوتِ بِالقُرْآنِ إِذَا كَانَ مَنْ حَوْلَهُ يَتَأَذَّى بِهِ / ناپەسندێتی دەنگ هەڵبڕین بە قورئان خوێندن ئەگەر ئەوانەی چواردەوری ئەزێتیان لێ ی بینی) :**

عَنْ الْبَيَاضِيِّ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) خَرَجَ عَلَى النَّاسِ وَهُمْ يُصَلُّونَ وَقَدْ عَلَتْ أَصْوَاتُهُمْ بِالْقِرَاءَةِ فَقَالَ : **((إِنَّ الْمُصَلِّي يُنَاجِي رَبَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فَلْيَنْظُرْ مَا يُنَاجِيهِ ، وَلَا يَجْهَرْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ بِالْقُرْآنِ))**[1].

**واتە : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەرچوو بەسەر خەڵكیدا لە كاتێكدا كە نوێژیان دەكرد و دەنگیان هەڵبڕیبوو بە قورئان خوێندن و فەرمووی : بەڕاستی ئەو كەسەی كە نوێژ دەكات وتووێژ لەگەڵ پەروەردگاری گەورەیدا دەكات بۆیە با سەیر بكات بە چ شتێك وتووێژی لەگەڵدا دەكات ، وە هەندێكتان دەنگ هەڵمەبڕن بەسەر هەندێكی ترتاندا بە قورئان خوێندن .**

---

(١) رواه أحمد ومالك والنسائي والبيهقي وصححه الـــهيثمي .

**فـەرموودەی شـانزەیەم : (خُلُـقُ النَّبِـيِّ (ﷺ) / ڕەوشـت و ئەخلاقی پێغەمبەر ﷺ) :**

عَنْ سَعْدِ بْنِ هِشَامِ بْنِ عَامِرٍ أَنَّهُ قَالَ لِعَائِـشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) : يَـا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ أَنْبِئِينِي عَنْ خُلُقِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ؟ قَالَتْ : أَلَسْتَ تَقْـرَأُ الْقُرْآنَ ؟ قُلْـتُ : بَلَـى ، قَالَـتْ : **فَـإِنَّ خُلُـقَ نَبِـيِّ اللَّـهِ (ﷺ) كَـانَ الْقُرْآنَ**))[1] .

**واتـه : (سَعْد)ی کـوڕی (هِـشَام) بـه (عَائِـشَة)ی (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) فەرمووه : ئەی دایکی ئیمانداران هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە ڕەوشت و ئەخلاقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : باشە تۆ قورئان ناخوێنیتەوە ؟ وتم : بەڵێ ، فەرمووی : بەڕاستـی ڕەوشت و ئەخلاقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئان بووە .**

وَعَنْ سَعْدِ بْنِ هِشَامِ بْنِ عَامِرٍ قَالَ : أَتَيْتُ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) فَقُلْتُ : يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ أَخْبِرِينِي بِخُلُقِ رَسُـولِ اللَّـهِ (ﷺ) ؟ قَالَـتْ : **كَـانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ** ، أَمَا تَقْرَأُ الْقُرْآنَ قَوْلَ اللَّـهِ عَـزَّ وَجَـلَّ : ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ ؟))[2] .

---

(١) رواه مسلم .

(٢) رواه أحمد وهو حديث صحيح .

واته : (سَعْد)ی كوڕی (هِشَام) فەرموویەتی : هاتم بۆلای (عَائِشَة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) و وتم : ئەی دایكی ئیمانداران هەواڵم بدەرێ سەبارەت بە ڕەوشت و ئەخلاقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : ڕەوشت و ئەخلاقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئان بووە ، باشە تۆ قورئان ناخوێنیتەوە فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾ [القلم] واتە : ئەی پێغەمبەر بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و ئەخلاقێكی گەورەیت .

## لێدوان :

(ابن كثير) فەرموویەتی : (ئەمە واتای ئەوەیە پێغەمبەر (عَلَيهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) جێبەجێكردنی قورئان بە فەرمانەكانی و قەدەغەكراوەكانیشیەوە بووەتە خوو تێیدا و بووەتە ڕەوشتێك خووی پێوەگرتووە و وازیهێناوە لەو ڕەفتارانەی كە پێشتر لەسەریان ڕاهاتبوو ، جا هەرشتێك قورئان فەرمانی پێكردبێت كردوویەتی و هەرشتێكیش قورئان ڕێگری لێكردبێت وازی لێهێناوە ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە

خوا ڕایهێناوە لەسـەر ڕەوشـتە گـەورەکان لـە شـەرمکردن و بەخــشندەیی و ئازایــەتی و لێبــووردەیی و پــشوودرێژی و هەموو ڕەوشتێکی جوان وەکو سەلمێنراوە) [تەفسیری سورەتی (القلم)] .

۞ ۞ ۞

**فەرموودەی حەڤدەیەم : (جَوَازُ قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ عَلَى الدَّابَّةِ وَجَوَازُ التَّرْجِيعِ فِيهِ / دروستێتی قورئان خوێندن بەسەر وڵاخەوە و دروستێتی جوانکاری لە خوێندنەوەیدا) :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ الْمُزَنِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ وَهُوَ عَلَى نَاقَةٍ يَقْرَأُ بِسُورَةِ الْفَتْحِ وَهُوَ يُرَجِّعُ))[1].

واتە : لە ڕۆژی ئازادکردنی مەککەدا پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی لەسەر وشترێك بوو سورەتی (الْفَتْح)ی دەخوێندەوە و دەنگی دەلەراندەوە .

**لێدوان :**

(التَّرْجِيعُ) : بریتی‌یە لە دووبارە کردنەوەی خوێندنەوە ، لە نمونەی ئەوەش دووبارەکردنەوەی بانگدان ، وە وتراویشتە : بریتی‌یە لە نزیکبوونی شێوازەکانی جوڵەکان لە دەنگدا ، وە (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (مُغَفَّل) ئەو دەنگ لەراندنەوەیەی پێغەمبەری (ﷺ) گێڕاوەتەوە بە درێژکردنەوەی

---

[1] رواه البخاري ومسلم وأبو داود واللفظ له وغيرهم .

دەنگ لـە خوێندنـەوەدا وەکـو (آءْ آءْ آءْ) ، وە ئەمـە (واتـە : التَّرْجِيع) ئەندازەیـەکی زیـاترە لـە جوانکـاری و ڕازاندنـەوەی دەنگ ، وە درێژەمداوە بـە قـسەکردن لەسـەر ئـەم باسـە لـە شەرح و شیکردنەوەکەم بۆ ئەم کتێبە .

۞ ۞ ۞

**فەرموودەی هەژدەیەم : (النَّهْيُ عَنِ السَّفَرِ بِالمُصْحَفِ إِلَى بِلَادِ الكُفْرِ وَالعَدُوِّ إِذَا خِيْفَ وُقُوعَهُ فِي أَيْدِيهِمْ / رێگری کردن لە سەفەرکردن بە (موصحەف) بۆ وڵاتی کافران و دوژمن ئەگەر مەترسی ئەوە هەبوو بکەوێتە دەستیان) :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ : ((**نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يُسَافَرَ بِالْقُرْآنِ إِلَى أَرْضِ الْعَدُوِّ**))[1].

**واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێگری کردووە لەوەی کە سەفەر بە قورئان بکرێت بۆ خاکی دوژمن .**

وَفِي رِوَايَةٍ لِمُسْلِم : عَنْ ابْنِ عُمَرَ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((**لَا تُسَافِرُوا بِالْقُرْآنِ فَإِنِّي لَا آمَنُ أَنْ يَنَالَهُ الْعَدُوُّ**)) .

**واتە : سەفەر بە قورئان مەکەن چونکە من دڵنیانابم لەوەی کە دەستی دوژمن بکەوێت .**

**لێدوان :**

**زانایان فەرموویانە : ئەگەر دڵنیابوون لەسەر قورئان کە نادڕێنرێت یان فڕێنادرێتە سەر زەوی یان کافر و بێباوەڕ دەستی پێوەنەدات ئەوا دروستە سەفەری پێبکرێت .**

---

(١) متفق عليه .

فـەرموودەی نۆزدەیـەم : (**مَا يَصْنَعُ مَنْ يَلْتَبِسُ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ لِشِدَّةِ النُّعَاسِ / ئەو کەسە چی دەکات کە قورئانی لیٚ تێکەڵ دەبێت لەبەر زۆری باوێشکدان و خەوهاتن**) :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنْ اللَّيْلِ فَاسْتَعْجَمَ الْقُرْآنُ عَلَى لِسَانِهِ فَلَمْ يَدْرِ مَا يَقُولُ فَلْيَضْطَجِعْ))[1].

واتە : ئەگەر یەکێك لە ئێوە لە شەودا هەستا و دەربڕینی قورئان قورس و ناڕەحەت بوو لەسەر زمانی و نەیزانی چی دەڵێت ئەوا با ڕابکشێت و بخەوێت .

**لێدوان :**

فەرمایشتی : ((فَاسْتَعْجَمَ الْقُرْآنُ)) واتە : دەربڕینی قورئان قورس و ناڕەحەت بوو لەسەری و نەیتوانی بە زمانی دەریبڕێت لەبەر زاڵبوونی باوێشکدان و خەوهاتن بۆیە پێویستە لەسەری وازبێنێت لە قورئان خوێندن .

---

[1] رواه مسلم وأحمد وأبو داود وابن ماجه والنسائي وغيرهم .

**فەرموودەی بیستەم : (قَولُ الْمُقْرِئِ لِلْقَارِئِ : حَسْبُكَ / وتەی مامۆستای قورئان بۆ قوتابی قورئان خوێن : ئەوەندەت بەسە) :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ لِي النَّبِيُّ (ﷺ) : ((اقْرَأْ عَلَيَّ ، قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ آقْرَأُ عَلَيْكَ وَعَلَيْكَ أُنْزِلَ ؟ قَالَ : نَعَمْ ، فَقَرَأْتُ سُورَةَ النِّسَاءِ حَتَّى أَتَيْتُ إِلَى هَذِهِ الْآيَةِ : ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴾ ، قَالَ : حَسْبُكَ الْآنَ ، فَالْتَفَتُّ إِلَيْهِ فَإِذَا عَيْنَاهُ تَذْرِفَانِ))[1].

**واتە : (عَبْدُ اللَّه)ی کوڕی (مَسْعُود) (رضي الله عنه) فەرموویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) بە منی فەرموو : قورئانم بەسەردا بخوێنە ، منیش وتم : ئەی پێغەمبەری خوا بەسەر تۆدا بیخوێنم لە کاتێکدا کە بەسەر تۆدا دابەزیوە ؟ فەرمووی : بەڵێ ، منیش سورەتی (النِّسَاء)م خوێند تاوەکو گەیشتمە ئەم ئایەتە :**

(﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ

---

(١) رواه البخاري .

شَهِيدًا ﴾ / واتـه : باشـه دەبێـت حـالّی خـەڵکی چـۆن بێـت کاتێك کە لە نێو هەموو ئومەتێك شایەتحاڵێك دێنین و تـۆیش بە شایەتحالّ دێـنین بەسـەر هـەموو ئەوانـەدا) و فـەرمووی : ئێستا ئەوەندەت بەسە ، منیش لامکردەوە بە لایـدا و بینـیم هەردوو چاوی فرمێسکیان لـێ دێتەخوارەوە .

۞ ۞ ۞

## بەشی سێیەم

## ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە فەزڵ و چاکەی لەبەرکردنی کتێبەکەی خوا و پاداشتی خاوەنەکەی

(الأَحَادِيْثُ الوَارِدَةُ : فِي فَضْلِ حِفْظِ كِتَابِ اللهِ وَجَزَاءِ أَهْلِهِ)

**فەرموودەی بیست و یەکەم : (إِنَّ مَنْ تَعْلَّمَ القُرْآنَ وَعَلَّمَهُ كَانَ مِنْ خَيرِ هَذِهِ الأُمَّةِ وَأَفْضَلِهَا / بەڕاستی ئەو کەسەی کە فێری قورئان دەبێت و خەڵکیشی لێ فێردەکات لە باشترین و چاکترینی ئەم ئوممەتەیە) :**

عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِيِّ عَنْ عُثْمَانَ بْن عَفَّانَ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : ((**خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ**))(١).

**واتە : باشترینتان ئەو کەسەیە کە فێری قورئان بووە و خەڵکیشی لێ فێرکردووە .**

وفي روايةٍ عن عُثْمَانَ بْن عَفَّان (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) : ((**إِنَّ أَفْضَلَكُم مَن تَعَلَّمَ القُرآنَ وَعَلَّمَهُ**))(٢).

**واتە : بەڕاستی چاکترینتان ئەو کەسەیە کە فێری قورئان دەبێت و خەڵکیشی لێ فێردەکات .**

---

(١) رواه البخاري .

(٢) رواه البخاري والترمذي .

قَالَ أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِيُّ : ذلـك أَقْعَـدَنِي مَقْعَـدِي هَـذَا ، وكانَ رحمه الله قـد جلـس أربعـين سـنة يعلـم النـاس في مـسجد الكوفة .

(أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ السُّلَمِيُّ) فەرموویەتی : ئا ئەمە منی لـەم شوێنە دانیشاندووە ، وە ئەو ڕەحمەتی خـوای لێبێـت : چـل ساڵ لـە مزگـەوتی کـوفە دانیـشت خـەڵکی فێـری قورئـان دەکرد .

❁ ❁ ❁

**فەرموودەی بیست و دووەم : (رِفْعَةُ أَهْلِ الْقُرْآنِ وَلَوْ كَانُوا مَمَالِيكَ / بەرزبوونەوەی ئەهلی قورئان ئەگەر چی کۆیلەیش بن) :**

عَنْ نَافِعَ بْن عَبْدِ الْحَارِثِ أَنَّهُ لَقِيَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) بِعُسْفَانَ ، وَكَانَ عُمَرُ اسْتَعْمَلَهُ عَلَى مَكَّةَ ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ : مَنِ اسْتَخْلَفْتَ عَلَى أَهْلِ الْوَادِي ؟ قَالَ : اسْتَخْلَفْتُ عَلَيْهِمُ ابْنَ أَبْزَى ، فقَالَ : وَمَا ابْنُ أَبْزَى ؟ فَقَالَ : رَجُلٌ مِنْ مَوَالِينَا ، فَقَالَ عُمَرُ : اسْتَخْلَفْتَ عَلَيْهِمْ مَوْلًى ؟! فقَالَ : إِنَّهُ قَارِئٌ لِكِتَابِ اللهِ عَالِمٌ بِالْفَرَائِضِ قَاضٍ ، فَقَالَ عُمَرُ : أَمَا إِنَّ نَبِيَّكُمْ (صلى الله عليه وسلم) قَدْ قَالَ : ((**إِنَّ اللهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ**))[1].

**واتە : لە (نَافِع)ی کوڕی (عَبْدُ الْحَارِث)ەوە کە لە (عُسْفَان) گەیشتوەتە خزمەت (عُمَر)ی کوڕی (الْخَطَّاب) (رضي الله عنه) ، وە (عُمَر) ئەمی کردبوو بە سەرکار و فەرمانڕەوای مەککە ، (عُمَر) پێی فەرموو : کێت لە جێی خۆت داناوە بەسەر**

[1] رواه مسلم وأحمد واللفظ له .

خـەڵکی دۆڵەکـەوە [واتـە : مەککـە] ؟ ئـەویش وتـی : (ابْـنُ أَبْـزَى)ـم لـە جـێی خـۆم بەسـەریانەوە دانـاوە ، (عُمَـر) فەرمووی : (ابْنُ أَبْزَى) کێیە ؟ ئـەویش وتـی : پیاوێکـە لـەو کۆیلانـەی کـە ئازادمـان کـردوون لـە کۆیلایـەتی ، (عُمَـر) فــەرمووی : کۆیلەیــەکی ئــازادکراوت لــە جــێی خــۆت بەســەریانەوە دانــاوە ؟! ئــەویش وتــی : بەڕاســتی ئــەو کتێبەکەی خوای لەبەرە و زانایە بە ئەحکامەکان و قازیشە ، (عُمَـر) فـەرمووی : بـزانن بەڕاسـتی پێغەمبەرەکـەتان (ﷺ) فەرموویـەتی : بەڕاسـتی خـوا بـەم کتێبـە خـەڵکانێك بـەرز دەکاتەوە و خەڵکانێکی تریشی پێ دادەبەزێنێت .

**لێدوان :**

فەرمایشتی : ((إِنَّهُ قَارِئٌ لِكِتَابِ اللهِ عَالِمٌ بِالْفَرَائِضِ قَـاضٍ / بەڕاســتی ئــەو کتێبەکــەی خــوای لەبــەرە و زانایــە بــە ئەحکامەکان و قازیشە)) ئەمە ئاماژەی تێدایە بۆ ئەوەی کـە پێشینانمان تەنها قورئان خوێن و لەبەرکەری نەبوون و بەس بەڵکو شارەزاش دەبوون لە دین و لە هەموو جۆرە زانستێك

له زانسته جۆراوجۆرەكان ، وە پێویسته هەڵگری قورئان بەو شێوازە شارەزا ببێت لە دینەکەی خوا و خۆی کورت هەڵنەهێنێت تەنها لەسەر زانستی خوێندنەوە هەمە جۆرەكان (علم القراءات) ، وە هەركەسێك چاوبخشێنێت بە ژياننامەی پێشەوایانی قورئان خوێن لە پێشینان ئەوا دەبینێت کە بەڕاستی ئەوان هەڵکەوتووبوون لە هەموو جۆرێك لە زانستەكانی شەریعەت .

❁ ❁ ❁

**فەرموودەی بیست و سێیەم : (أَهْلُ القُرآنِ هُم أَهْلُ اللهِ وَخَاصَّتُهُ / ئەهلی قورئان ئەوانن دۆستانی خوا و کەسانی نزیك و تایبەت بە ئەو) :**

عَنْ أَنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : **((إِنَّ لِلَّهِ أَهْلِينَ مِنَ النَّاسِ ، قَالَ : قِيلَ : مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِ ؟ قَالَ : أَهْلُ الْقُرْآنِ هُمْ أَهْلُ اللهِ وَخَاصَّتُهُ))**[1] .

**واتە : بەڕاستی خوا کەسوکار و دۆستی خۆیی هەیە لە نێو خەڵکیدا ، فەرمووی : وترا : ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ئەهلی قورئان ئەوانن دۆستانی خوا و کەسانی نزیك و تایبەت بە ئەو .**

❁ ❁ ❁

[1] رواه أحمد والنسائي وصححه الألبانـــي .

**فەرموودەی بیست و چوارەم : (فَضْلُ صَاحِبِ الْقُرْآنِ إِذَا دَخَلَ الْجَنَّةَ / فەزڵ و چاکەی هاوەڵی قورئان کاتێك کە دەچێتە ناو بەهەشتەوە) :**

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنهما) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((**يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ : اقْرَأْ وَارْتَقِ وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا ، فَإِنَّ مَنْزِلَكَ عِنْدَ آخِرِ آيَةٍ تَقْرَؤُهَا**))[1] .

**واتە : بە هاوەڵی قورئان دەوترێت : بخوێنە و بە پلەکانی بەهەشتدا سەرکەوە و لەسەرخۆ بخوێنە و پەلە مەکە هەروەکو چۆن لە دونیادا لەسەرخۆ دەتخوێندەوە ، چونکە بەڕاستی پلە و پێگەی تۆ لە ئاست کۆتا ئایەتە کە دەیخوێنیتەوە .**

❁ ❁ ❁

---

[1] رواه أحمد والنسائي والترمذي وأبو داود واللفظ له ، وقال أبو عيسى : هذا حديث حسن صحيح وصححه الألباني .

**فەرموودەی بیست و پێنجەم : (فَضْلُ حَافِظِ الْقُرْآنِ وَمَا لَهُ مِنَ الأُجُورِ العَظِيمَةِ / فەزڵ و چاکەی ئەو کەسەی قورئان لەبەر دەکات و ئەو پاداشتە گەورانەی کە بۆی هەیە) :**

عَنْ بُرَيْدَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : كُنْتُ جَالِسًا عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَسَمِعْتُهُ يَقُولُ : ((**وَإِنَّ الْقُرْآنَ يَأْتِي صَاحِبَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حِينَ يَنْشَقُّ عَنْهُ قَبْرُهُ كَالرَّجُلِ الشَّاحِبِ ، فَيَقُولُ لَهُ : هَلْ تَعْرِفُنِي ؟ فَيَقُولُ : مَا أَعْرِفُكَ ، فَيَقُولُ : أَنَا صَاحِبُكَ الْقُرْآنُ الَّذِي أَظْمَأْتُكَ بِالْهَوَاجِرِ ، وَأَسْهَرْتُ لَيْلَكَ ، وَإِنَّ كُلَّ تَاجِرٍ مِنْ وَرَاءِ تِجَارَتِهِ ، وَإِنَّكَ الْيَوْمَ مِنْ وَرَاءِ كُلِّ تِجَارَةٍ ، فَيُعْطَى الْمُلْكَ بِيَمِينِهِ ، وَالْخُلْدَ بِشِمَالِهِ ، وَيُوضَعُ عَلَى رَأْسِهِ تَاجُ الْوَقَارِ ، وَيُكْسَى وَالِدَاهُ حُلَّتَيْنِ لَا يُقَوَّمُ لَهُمَا أَهْلُ الدُّنْيَا ، فَيَقُولَانِ : بِمَ كُسِينَا هَذَا ؟ فَيُقَالُ لَهُمَا : بِأَخْذِ وَلَدِكُمَا الْقُرْآنَ ، ثُمَّ يُقَالُ : اقْرَأْ وَاصْعَدْ فِي دَرَجِ الْجَنَّةِ وَغُرَفِهَا ، فَهُوَ فِي صُعُودٍ مَا دَامَ يَقْرَأُ هَذًّا كَانَ أَوْ تَرْتِيلًا**))[1] .

---

(1) رواه أحمد وعبيد بن سلّام في فضائل القرآن ورواتُهم ثقات سوى المهاجر الكوفي اختلف في توثيقه ، ورواه ابن ماجه وابن أبي شيبة وغيرهما ، وصححه الهيثمي وابن كثير في تفسيره والسيوطي والألباني في "السلسلة الصحيحة" .

واتـه : لای پێغەمبـەر (ﷺ) دانیـشتبووم گـوێم لــێی بـوو دەیفـەرموو : وە بەڕاسـتی قورئـان لـە ڕۆژی قیامەتـدا دێـت بــۆلای هاوەڵەکــەی لــە کاتێکـدا کــە قەبرەکــەی لەســەر دەکرێتەوە وەکو پیاوێکی ڕەنگ تێکچوو ، وە پێی دەڵێت : ئایا دەمناسیتەوە ؟ ئەویش دەڵێت : ناتناسمەوە ، وە پێی دەڵێت : من هاوەڵەکەتم من ئەو قورئانەم کە لـە نیوەڕوانـدا تینــووتم دەکــرد و لــە شەوانیــشدا بێخــەوتم دەکــرد ، وە بەڕاستی هەموو بازرگانێك بـە دوای بازرگانییەکـەی خۆیـەوە دەبێــت ، وە بەڕاســتی تــۆیش ئــەمڕۆ بــە دوای هــەموو بازرگانییەکەوەیت ، بۆیـە موڵـك دەدرێتـە دەسـتی ڕاسـتی و ژیانی هەمیشەیش دەدرێتە دەستی چەپی ، وە تاجی ڕێـز و شکۆداری لەسەر سـەری دادەنرێـت ، وە بـاوك و دایکـی دوو دەستە جلی جوانیان لەبەردەکرێت کـە خـەڵکی دونیـا نابنـە نرخیـان ، هـەردووکیان دەڵـێن : بـە هـۆی چـیەوە ئەمـەمان لەبــەرکراوە ؟ پێیــان دەوترێــت : بــە هــۆی ئــەوەوە کــە منداڵەکــەتان قورئــانی وەرگرتــووە و فێربــووە ، پاشــان دەوترێـت : بخوێنــە و ســەرکەوە بەســەر پلــە و ژوورەکـانی

بەهەشتدا ، ئەویش بەردەوام دەبێت لە سەرکەوتن هەندەی کە خێرا یان لەسەرخۆ بخوێنێت .

**لێدوان :**

زانایان سەبارەت بە واتای ((كَالرَّجُلِ الشَّاحِبِ)) فەرموویانە : بریتی‌یە لەو کەسەی کە ڕەنگی تێکچووە و لەشی گۆڕاوە لەبەر پێشهاتەیەك لە پێشهاتەکانی وەکو نەخۆشی یان سەفەرکردن و هاوشێوەی ئەمانە ، وەکو بڵێی لەسەر ئەو شێوازە دێت بۆ ئەوەی شێوەی بچێتەوە سەر خاوەنەکەی لە دونیادا ، یان بۆ تێبینیدانە لەسەر ئەوەی هەروەکو چۆن ئەو لە دونیادا ڕەنگی دەگۆڕا لەبەر هەستانی بە خوێندنەوە و دەورکردنەوەی قورئان بەهەمان شێوە قورئانیش وای بەسەر دێت لەبەر هەوڵدانی لە پێناو ئەو لە ڕۆژی قیامەتدا تاوەکو خاوەنەکەی ئەو پەڕی ئامانج و پلە و پایە بەرزەکان بەدەست دێنێت لە دوارۆژدا .

❀ ❀ ❀

**فــەرموودەی بیــست و شەشــەم : (إِكْـرَامُ أَهِـلِ الْقُـرْآنِ وَإِجْلَالُهُمْ وَتَوقِيرُهُمْ وَاجْتِنَابُ أَذِيَّتِهِمْ / ڕێزلێنـان لـە ئـەهلی قورئان و گەورەڕاگرتن و حورمەتگرتنیان و خۆبەدوورگرتن لە ئەزیەتدانیان) :**

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((إِنَّ مِنْ إِجْلَالِ اللَّهِ : إِكْرَامَ ذِي الشَّيْبَةِ الْمُسْلِمِ ، وَحَامِـلِ الْقُـرْآنِ غَيْرِ الْغَالِي فِيهِ وَالْجَافِي عَنْهُ ، وَإِكْرَامَ ذِي السُّلْطَانِ الْمُقْسِطِ))**[١].

**واتە : بەڕاستی بەشێك لە گەورەڕاگرتنی خـوا : ڕێزلێنانـە لـە موسـڵمانی مـوو سـپی ، وە لـە هـەڵگرێکی قورئـان کـە زیـادەڕەوی تێـدا نـەکات و دوورەپـەرێز و کەمتەرخـەمیش نـەبێت لـە ئاسـتیدا ، وە ڕێزلێنانیـشە لـە دەسـەڵاتدارێکی دادگەر و عادیل .**

**لێدوان :**

**فەرمایشتی : ((الْمُقْسِطِ)) واتـە : دادگەر و عادیل لە نێـوان هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتەکەی .**

---

[١] رواه أبو داود والبيهقي وحسنه الألبانـــي .

## بەشی چوارەم

## ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە هاندان لەسەر پارێزگاری لێکردن و پێداچوونەوەی قورئان

(الأَحَادِيْثُ الوَارِدَةُ : فِي الْحَثِّ عَلَى تَعَاهُدِ الْقُرْآنِ وَمُرَاجَعَتِهِ)

**فەرموودەی بیست و حەوتەم : (تَعَاهُدُ الْقُرْآنِ وَاسْتِذْكَارِهِ / پارێزگاری لێکردن و وەبیرهێنانەوەی قورئان) :**

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : ((**تَعَاهَدُوا الْقُرْآنَ ، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَهُوَ أَشَدُّ تَفَصِّيًا مِنْ الْإِبِلِ فِي عُقُلِهَا**))[١].

واتە : پارێزگاری لە قورئان و پێداچوونەوەی بکەن ، سوێند بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە ئەو خێراتر دەڕوات و لەبیردەچێتەوە وەك لە هەڵاتنی وشتر لەو گوریسەی کە پێی دەبەسترێتەوە .

وَعَنْ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنهما) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : ((**إِنَّمَا مَثَلُ صَاحِبِ الْقُرْآنِ كَمَثَلِ صَاحِبِ الْإِبِلِ الْمُعَقَّلَةِ : إِنْ عَاهَدَ عَلَيْهَا أَمْسَكَهَا ، وَإِنْ أَطْلَقَهَا ذَهَبَتْ**))[٢].

---

(١) متفق عليه .

(٢) رواه البخاري ومسلم .

واته : بەڕاستی نموونەی خاوەنی قورئان وەکو نموونەی خاوەنی وشترێکی بەستراوە وایە : ئەگەر پارێزگاری لێبکات و پێداچوونەوەی بۆ بکات ئەوا دەیگرێتەخۆی ، وە ئەگەر بەرەڵاشی بکات ئەوا دەڕوات .

فــەرموودەی بیــست و هەشــتەم : (**تَعَاهُدُ الْقُرآنِ بالَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَإلَّا نُسِيَ / پارێزگاری کردن لە قورئان بە شەو و بە ڕۆژ ئەگینا لەبیردەچێتەوە) :**

عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنهما) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((وَإِذَا قَامَ صَاحِبُ الْقُرْآنِ يَقْرأهُ باللَّيْلِ وَالنَّهارِ ذَكَرَهُ ، وَإِنْ لَمْ يَقُمْ بِهِ نَسِيَهُ))[١].

واتە : وە ئەگەر خاوەنی قورئان هەستێت بە خوێندنەوەی لە شەو و ڕۆژدا ئەوا بیری دەکەوێتەوە ، وە ئەگەر بەو کارە هەڵنەسێت ئەوا لەبیری دەچێتەوە .

**لێدوان :**

ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە هەڕەشەی توند بۆ ئەو کەسەی کە قورئان لەبەردەکات و پاشان لەبیری دەچێتەوە و ئەو کەسە بە گەڕی و جگە لەوەش دەگاتەوە بە خوا ئەو فەرموودانە صەحیح نین ، بەڵکو بەڕاستی سەختترین بێبەشبوون بۆ ئەو کەسەیە کە خوا قورئانی

---

[١] رواه مسلم .

پێبەخشیوە و چاکەی لەگەڵدا کردووە بە لەبەرکردنی کتێبەکەی و چێژبینین بە خوێندنەوەی و ڕووناك بوونەوەی ڕومەت و ڕوخسار و دڵی بە ڕووناکی قورئان و ئەنجا بە هۆی کەمتەرخەمی و تەمبەڵیەوە وازی لێبێنێت ، پاشان ئەوەی لێوەربگیرێتەوە کە لەبەری کردبوو بە هۆی ئەو تەمبەڵیەوە ، ئا ئەوەیە کەسی بێبەش و مەحروم ، وە هیچ جوڵە و توانایەکیش نیە ئیللا بە خواوە نەبێت .

۞ ۞ ۞

**فەرموودەی بیست و نۆیەم : (مَاذَا يَقُولُ مَنْ أُنْسِيَ آيَةً أَوْ سُورَةً / ئەو کەسە چی دەڵێت کە ئایەتێك یان سورەتێکی لەبیردەبرێتەوە) :**

عَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((**لَا يَقُـلْ أَحَدُكُمْ : إِنِّي نَسِيتُ آيَةَ كَذَا وَكَذَا ، بَلْ هُوَ نُسِّيَ**))[١] .

**واتە : با یەکێك لە ئێوە نەڵێت : مـن فـلان و فـلان ئایـەتم لەبیرچووەتەوە ، بەڵکو ئەو لەبیری براوەتەوە .**

وفي لفظٍ : ((**لَا يَقُلْ أَحَدُكُمْ : نَسِيتُ آيَةَ كَيْتَ وَكَيْتَ ، بَلْ هُـوَ نُسِّيَ**))[٢] .

**واتـە : بـا یـەکێك لـە ئێـوە نـەڵێت : فـلان و فـلان ئایـەتم لەبیرچووەتەوە ، بەڵکو ئەو لەبیری براوەتەوە .**

وَعَنْهُ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُـولَ اللَّـهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُـولُ : ((**بِئْسَمَـا لِلرَّجُلِ أَنْ يَقُولَ : نَسِيتُ سُورَةَ كَيْتَ وَكَيْتَ أَوْ نَـسِيتُ آيَـةَ كَيْـتَ وَكَيْتَ ، بَلْ هُوَ نُسِّيَ**))[٣] .

---

[١] رواه النسائي . [٢] رواه مسلم والبخاري بنحوه .
[٣] رواه مسلم .

واته : ئەوە خراپترین شتە بۆ پیاو کە بڵێت : فڵان و فڵان سـورەتم لەبیرچـووەتەوە یـان فـلان و فـلان ئایـەتم لەبیرچووەتەوە ، بەڵکو ئەو لەبیری براوەتەوە .

❁ ❁ ❁

## بەشی پێنجەم
## ئەو فەرمووودانەی کە هاتوون سەبارەت بە خۆشویستراوێتی دەنگ ڕازاندنەوە بە قورئان خوێندن

(الأَحَادِيْثُ الوَارِدَةُ : فِي اسْتِحْبَابِ تَجْمِيلِ الصَّوتِ بِالْقُرْآنِ)

فەرمووودەی سێیەم : (**تَحْسِينُ الصَّوتِ وَتَزِيينُهُ عِنْدَ تِلَاوَةِ الْقُرْآنِ عَلَى قَدْرِ المُسْتَطَاعِ / جوان کردن و ڕازاندنەوەی دەنگ لە کاتی قورئان خوێندن بە پێی توانا**) :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ : ((**مَا أَذِنَ اللَّهُ لِشَيْءٍ مَا أَذِنَ لِلنَّبِيِّ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ**))[١] .

**واتە : بیستنی خوا بۆ هیچ شتێك وەکو بیستنی نەبووە بۆ پێغەمبەرێك کە دەنگی خۆش دەکات و دەیڕازێنێتەوە بە خوێندنەوەی وتەی خوا .**

وعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((**لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالْقُرْآنِ**))[٢] .

**واتە : ئەو کەسە لە ئێمە نییە کە دەنگی خۆش نەکات و نەڕازێنێتەوە بە خوێندنەوەی قورئان .**

---

[١] متفق عليه واللفظ للبخاري

[٢] رواه البخاري .

وعَنِ الْبَـرَاءِ بْـنِ عَـازِبٍ (رضي الله عنه) قَـالَ : قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((زَيِّنُوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ))[1] .

واته : قورئان خوێندن بڕازێننەوە بە دەنگەکانتان .

**لێدوان :**

فەرمایشتی : ((لَيْسَ مِنَّا)) : واتە : لەسەر ڕێباز و ڕێڕەوی ئێمە نییە .

❁ ❁ ❁

---

[1] رواه أحمد وأبو داود وابن ماجه والدارمي وصححه الألباني .

**فـــەرموودەی ســـی و یەکـــەم : (مَـدْحُ الـشَّخْصِ إِذَا كَـانَ يَـسْتَحِقُّ وَأُمِنَ عَلَيـهِ مِنَ الفَتْنَـةِ / ستایش کردنـی کەسـێك ئەگـەر شایـستەبوو وە دڵنیـابوونیش هـەبێت لـەوەی کـە تووشی فیتنە و گرفت نابێت) :**

عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِـيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَـالَ لَـهُ : ((لَـوْ رَأَيْتَنِي وَأَنَا أَسْتَمِعُ لِقِرَاءَتِـكَ الْبَارِحَـةَ ، لَقَـدْ أُوتِيـتَ مِزْمَـارًا مِـنْ مَزَامِيرِ آلِ دَاوُدَ))[١].

**واتــە : پێغەمبــەر (صلى الله عليه وسلم) بــە (أَبُــو مُوسَــى الْأَشْــعَرِي رضي الله عنه) فەرمووە : ئەگەر تۆ دوێنێ شەو منت ببینایـەت لـە کاتێکدا کـە گـوێم دەگـرت لـە قورئـان خوێندنەکـەت ئـەوا دڵخـۆش دەبوویت ، بەڕاستی تۆ دەنگێکی خۆشت پێدراوە لە دەنگـە خۆشەکانی داود .**

وفي روايةٍ : ((قَالَ أَبُو مُوسَى : قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ عَلِمْتُ مَكَانَكَ لَحَبَّرْتُهُ لَكَ تَحْبِيرًا))[٢].

---

[١] رواه البخاري ومسلم .

[٢] رواه ابن حبان وغيره ، وقد سألت شيخنا الـــمحدِّث عبد الله السعد عن رواية ابن حبان فقال : لا بأس بـــها .

واته : (أَبُو مُوسَى) فەرموویەتی : وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر بە شوێنەکەتم بزانایەت ئەوا دەنگی خۆمم بۆت دەڕازاندەوە چۆن ڕازاندنەوەیەك .

**لێدوان :**

ذَكَرَ الطَّبَرِيُّ عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّاب (رضي الله عنه) أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ لِأَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ : ((**ذَكِّرْنَا رَبَّنَا ، فَيَقْرَأُ أَبُو مُوسَى وَيَتَلَاحَنُ**)) ، وَقَال : ((**مَنْ اسْتَطَاعَ أَنْ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ غِنَاءَ أَبِي مُوسَى فَلْيَفْعَلْ**)) وكذا رواه ابن حبان بلفظ آخر .

**واته : (عُمَر)ی کوڕی (الْخَطَّاب) (رضي الله عنه) بە (أَبُو مُوسَى الْأَشْعَرِي) دەفەرموو : خوای پەروەردگارمان بە بیر بهێنەوە ، (أَبُو مُوسَى)یش قورئانی دەخوێند و ئاوازی ئاوێتە دەکرد .**

**هەروەها فەرموویەتی : هەرکەسێك توانی دەنگی خۆش و ڕازاوە بکات وەکو دەنگی خۆشی (أَبُو مُوسَى) ئەوا با وا بکات .**

❁ ❁ ❁

## بەشی شەشەم

## ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە نیازپاکی لە کردەوەدا بۆ خوای گەورە

(الأَحَادِيْثُ الوَارِدَةُ : فِي إِخْلَاصِ الْعَمَلِ لِلَّهِ)

**فەرموودەی سی و دووەم : (مَنْ رَاءَى بِقِرَاءَتِهِ / ئەو کەسەی کە پێشچاوی دەکات بە قورئان خوێندنەکەی) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) ـ فِي الحَدِيثِ الطَّوِيلِ ـ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : ((**إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ – فذكر – رَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا ، قَالَ : فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا ؟ قَالَ : تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ ، قَالَ : كَذَبْتَ ، وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ : عَالِمٌ ، وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ : هُوَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ**))[١] .

**واتە : بەڕاستی یەکەمین کەس کە بڕیاری لەسەر دەدرێت لە ڕۆژی قیامەتدا : پیاوێکە فێری زانست بووە و خەڵکیشی**

---

[١] رواه مسلم وغيره ، وهذا جزء من الحديث .

فێرکـردووه و قورئانیـشی خوێنـدووه ، دەهێنرێـت و خـوا نیعمەتـەکانی خـۆیی پێدەناسـێنێت و وەبیردەهێنێتـەوه و ئـەویش دەیانناسـێتەوه و بیریـانی دەکەوێتـەوه ، خـوا دەفـەرموێت : چـی کردەوەیـەکت کـردووه بـەو نیعمەتانـه ؟ ئـەویش دەڵێـت : فێـری زانـست بـووم و خەڵکیـشیم لـێفێرکردووه و لـه پێنـاوی تۆیـشدا قورئـانم خوێنـد ، خـوا دەفەرموێت : درۆت کرد ، بەڵکو تۆ فێری زانـست بوویـت بـۆ ئەوەی پێت بڵێن زانایه و قورئانیشت خوێند بۆ ئەوەی پێـت بڵێن قورئان خوێنـه و ئەوەیـشت پـێوترا ، پاشـان فـەرمانی پێدەکرێـت و لەسـەر رومـەت و روخـساری ڕادەکێـشرێت تاوەکو فڕێدەدرێته ناو ئاگرەوه .

**لێدوان :**

ئەم فەرموودەیه هاندانی تێدایه بۆ نیازپاکی له کـردەوەدا بۆ خوای گەوره به تـەنها ، وه بەڕاسـتی مـن هەنـدێك خـەڵكم بینیوه که وازیهێناوه له لەبەرکردنی قورئان کاتێـك کـه ئـەم فەرموودەیەی خوێندووەتەوه و یـان بیـستویەتی لەبـەر ئـەو هەڕەشەیەی که تێدا هاتووه ، بۆیه پێویسته ئەم فەرموودەیه

نەبێتە بەربەست بۆی لـە ئاسـت لەبـەرکردنی قورئـان بـەڵکو پێویـستە لەسـەری کـە رووبکاتـە لەبـەرکردنی قورئـان و جیهادی نەفسی خۆی بکات ، وە عەبد نیاز و نییـەتی خـۆی چاك دەکات بەوەی کە لە توانایدا هەیە ، وە داوایش لە خـوا دەکات کە نیاز و نییـەتی بـۆ چـاك بکـات ، وە خـوایش ئـەو کەسە بێبەش ناکات کە داوای لـێدەکات ، ئەمەش ئومێـدی ئێمەیـە بـە خـوای پـەروەردگاری کارپڕبەرکـەت و بـەرز و پایەدارمان .

✿ ✿ ✿

**فەرموودەی سی و سێیەم : (الْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيكَ / قورئان بەڵگەیە بۆ تۆ یان بەڵگەیە لەسەر تۆ) :**

عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ : رَسُولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) : **((وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيكَ ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَايِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا))**[1].

**واتە : وە قورئان بەڵگەیە بۆت یان لەسەرت ، هەموو کەسێك لە خەڵك بەیانیان لە ماڵ دەچێتە دەرەوە و خۆی دەفرۆشێت : یان خۆی ئازاد دەکات وە یان خۆی دەفەوتێنێت .**

❁ ❁ ❁

(1) رواه مسلم وغيره .

## بەشی حەوتەم

## ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە فەزڵ و چاکەکانی هەندێك لە سورەتەکان

(الأَحَادِيْثُ الوَارِدَةُ : فِي فَضَائِلِ بَعْضِ السُّورِ)

**فەرموودەی سی و چوارەم : (فَضْلُ سُورَةِ الْفَاتِحَةِ / فەزڵی سورەتی** (الفَاتِحَة)) :

عَنْ أَبِي سَعِيدِ بْنِ الْمُعَلَّى (رضي الله عنه) قَالَ : ((**كُنْتُ أُصَلِّي فَدَعَانِي النَّبِيُّ (صلى الله عليه وسلم) فَلَمْ أُجِبْهُ ، قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي كُنْتُ أُصَلِّي ، قَالَ : أَلَمْ يَقُلْ اللَّهُ :** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱسۡتَجِيبُواْ لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمۡ ... ﴿٢٤﴾ ﴾ [الأنفال] ؟ **ثُمَّ قَالَ : أَلَا أُعَلِّمُكَ أَعْظَمَ سُورَةٍ فِي الْقُرْآنِ قَبْلَ أَنْ تَخْرُجَ مِنْ الْمَسْجِدِ ؟ فَأَخَذَ بِيَدِي فَلَمَّا أَرَدْنَا أَنْ نَخْرُجَ قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ قُلْتَ : لَأُعَلِّمَنَّكَ أَعْظَمَ سُورَةٍ مِنْ الْقُرْآنِ ، قَالَ :** ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ **هِيَ السَّبْعُ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنُ الْعَظِيمُ الَّذِي أُوتِيتُهُ**))(١).

**واتە : (أَبُو سَعِيد)ی کوڕی (الْمُعَلَّى) فەرموویەتی : من نوێژم دەکرد و لەو کاتەدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بانگی کردم و**

---

(١) رواه البخاري .

منیش وەڵامیم نەدایەوە ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا من نوێژم دەکرد ، فەرمووی : باشە مەگەر خوای گەورە نەیفەرمووە : ﴿ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕدارن وەڵامی خوا و پێغەمبەر بدەنەوە کاتێك کە بانگتان دەکەن﴾ ؟ پاشان فەرمووی : ئایا گەورەترین سورەتی قورئانت فێرنەکەم پێش ئەوەی کە لە مزگەوت بچیتەدەرەوە ؟ دەستمی گرت و کاتێك کە ویستمان بچینەدەرەوە وتم : ئەی پێغەمبەری خوا تۆ فەرمووت : گەورەترین سورەتی قورئانت فێردەکەم ، فەرمووی : سورەتی (﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ / سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە پەروەردگاری جیهانیانە) بریتییە لە حەوت ئایەتی دووبارە و قورئانی گەورە و مەزن کە پێمدراوە .

**لێدوان :**

سورەتی فاتیحە پایەیەکە لە پایەکانکی نوێژ هەروەکو چۆن سەلمێنراوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) و نوێژیش دروست نییە بە بێ فاتیحە ، بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمان کە خوێندنەوەی خۆی ڕاست بکاتەوە لە کاتی خوێندنەوەی بۆ

سـورەتی فاتیحـە ، ئەمـەش لەسـەر دەسـتی مامۆسـتایەکی مۆڵەت پێدراو بە قورئان یان مامۆستایەکی کە خوێندنەوەکەی ڕێك و ڕاست بێت بە بێ زیادەڕەوی تێدا کردن ، برای بەڕێزم هیچ ڕێگرییەکیش نـیـە لـەوەی کـە مـاوەی هەفتەیـەك یـان مانگێـــك بمێنیتـــەوە بـــۆ فێربـــوون و ڕاســـت کردنـــەوەی خوێندنەوەکەت بۆ فاتیحە ، پێشەوا (ابن عثيمين) ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت فەرموویـەتی : ئەگـەر کەسـی دەسـتنەکەوت فێـری فاتیحـەی بکـات ئـیللا بـە پـارە نـەبێت ئـەوا پـارەی پـێدەدات ، هەروەکو کەسێك وایە کە ئاوی دەستناکەوێت بۆ دەسـتنوێژ ئـیللا بـە پـارە نـەبێت ئـەوا پـارەی پـێدەدات (الاختيارات على الـــممتع) .

**فەرموودەی سی و پێنجەم : (فَضْلُ سُورَةِ الْبَقَرَةَ وآلِ عِمْرَانَ / فەزڵی سورەتی** (الْبَقَرَة) و (آلِ عِمْرَانَ) **)** :

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ : ((**اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ ، اقْرَءُوا الزَّهْرَاوَيْنِ الْبَقَرَةَ وَسُورَةَ آلِ عِمْرَانَ فَإِنَّهُمَا تَأْتِيَانِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَأَنَّهُمَا غَمَامَتَانِ أَوْ كَأَنَّهُمَا غَيَايَتَانِ أَوْ كَأَنَّهُمَا فِرْقَانِ مِنْ طَيْرٍ صَوَافَّ تُحَاجَّانِ عَنْ أَصْحَابِهِمَا ، اقْرَءُوا سُورَةَ الْبَقَرَةِ فَإِنَّ أَخْذَهَا بَرَكَةٌ وَتَرْكَهَا حَسْرَةٌ وَلَا تَسْتَطِيعُهَا الْبَطَلَةُ**))[1].

**واتە : قورئان بخوێننەوە چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا دێت شەفاعەت و تکا دەکات بۆ هاوەڵەکانی ، هەردوو سورەتە پرشنگدارەکە** (البَقَرَة) و (آلِ عِمْرَان) **بخوێننەوە چونکە هەردووکیان لە ڕۆژی قیامەتدا دێن وەکو دوو پەڵە هەور یان وەکو دوو پەڵە سێبەر یان وەکو دوو پۆل باڵندە وان کە باڵەکانیان ڕاخستووە و بەرگری لە هاوەڵەکانیان دەکەن ، سورەتی** (البَقَرَة) **بخوێننەوە چونکە بەڕاستی وەرگرتنی و**

[1] رواه مسلم وأحمد وغيرهما .

کــردەوە پــێکردنی مایــەی خێــر و فــەڕ و بەرەکەتــە و وازلێهێنانیشی مایەی پەشیمانی و خەفەت خواردنە و ساحیر و جادووبازەکانیش بەرگەی ناگرن .

**لێدوان :**

(الْبَطَلَةُ) : أَي : السَّحَرَةُ .

فەرمایشتی : (الْبَطَلَةُ) واتە : ساحیر و جادووبازەکان .

۞ ۞ ۞

فەرموودەی سی و شەشەم : (**فَضْلُ سُورَةِ الْكَهْف / فەزڵی سورەتی** (الْكَهْف) ) :

عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ : ((**مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْفِ عُصِمَ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ**))[1] .

**واتە : هەركەسێك دە ئايەت لە سەرەتای سورەتی** (الْكَهْف) **لەبەر بكات ئەوا پارێزراو دەبێت لە فیتنە و ئاشوبی دەجال .**

وَفِي رِوَايَةٍ : ((**مَنْ حَفِظَ مِنْ خَوَاتِيمِ سُورَةِ الْكَهْفِ**)) .

وَفِي رِوَايَةٍ : ((**مِنْ آخِرِ الْكَهْفِ**)) .

**واتە : هەركەسێك دە ئايەت لە كۆتايی سورەتی** (الْكَهْف) **لەبەر بكات ...**

وَعَن النَّوَّاسِ بْنِ سَمْعَانَ الْكِلَابِيِّ (رضي الله عنه) - فِي الحَدِيثِ الطَّوِيلِ - قَالَ : ذَكَرَ رَسُولَ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) الدَّجَّالَ ثُمَّ قَالَ : ((**فَمَنْ رَآهُ مِنْكُمْ فَلْيَقْرَأْ عَلَيْهِ فَوَاتِحَ سُورَةِ الْكَهْفِ**))[2] .

---

(١) رواه مسلم وأبو داود .

(٢) رواه ابن ماجه وصححه الألباني .

واتـە : لـە فەرموودەیـەكی درێـژدا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) باسی دەججالـی كردووە و ئەنجا فەرموویـەتی : هەركەسـێك لـە ئێـوە دەججالــی بینــی ئــەوا بـا سـەرەتای سـورەتی (الْكَهْف)ی بەسەردا بخوێنێتەوە .

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ : ((مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ أَضَاءَ لَهُ مِنَ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ))[1] .

واتە : هەركەسێك لە ڕۆژی جومعەدا سـورەتی (الْكَهْـــف) بخوێنێتەوە ئەوا نێوان دوو جومعەی بۆ رووناك دەبێتەوە .

**لێدوان :**

خوێندنەوەی سورەتی (الْكَهْف) لە پاش بانگی بەیانیـەوە دەسـت پێدەكـات تـاوەكو بـانگی مـەغریب ، ئەمەیـە ڕۆژی شـەرعی بـۆ موسـڵمانان ، هـەروەها هەنـدێكیش لـە زانایـان وادەبیــنن كــە : خوێندنــەوەی ئــەم ســورەتە لــە شــەوی جومعەیشدا دروستە ، وە كاریش لەم بوارەدا فراوانە .

❁ ❁ ❁

[1] رواه البيهقي وحسنه الألبانـــي وشيخنا عبد الله السعد .

**فەرموودەی سی و حەوتەم : (فَضْلُ سُورَةِ الْمُلْكِ / فەزڵی سورەتی (الْمُلْك)) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنْ النَّبِيِّ (صلى الله عليه وسلم) أَنَّهُ قَالَ : ((**إِنَّ سُورَةً مِنَ الْقُرْآنِ ثَلَاثِينَ آيَةً شَفَعَتْ لِرَجُلٍ حَتَّى غُفِرَ لَهُ وَهِيَ : ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ ﴾**))[١].

**واتە : بەڕاستی سورەتێك هەیە لە قورئان سی ئایەتە شەفاعەت و تکای کرد بۆ پیاوێك تاوەکو خوا لێی خۆش بوو ئەویش بریتییە لە سورەتی : ﴿تَبَٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ ﴾ .**

وَعَنْ ابْنِ مَسْعُودٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) : ((**سُورَةُ تَبَارَكَ هِيَ الْمَانِعَةُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ**))[٢].

**واتە : سورەتی (تَبَٰرَكَ) ئەوە ڕێگر و بەربەست لە سزای گۆڕ .**

❁ ❁ ❁

---

(١) رواه أحمد وأهل السنن ، وقال الترمذي حديث حسن وحسنه الألباني .

(٢) رواه الشَّجَرِيُّ في الْأَمَالِي الخميسية وصححه الألباني في صحيح الجامع .

فـەرموودەی سـی و هەشـتـەم : (**فَضْلُ سُورَةِ** ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ﴾ **وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ / فەزڵی سورەتی** ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ﴾ **و هەردوو سورەتی پەناپێگرتنەکان (فەلەق) و (ناس)**) :

عَنْ أَبِـي سَعِيدٍ الْـخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) أَنَّ رَجُلًا سَمِعَ رَجُلًا يَقْرَأُ ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ﴾ يُرَدِّدُهَا ، فَلَمَّا أَصْبَحَ جَاءَ إِلَـى رَسُـولِ اللَّـهِ (ﷺ) فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ ، وَكَأَنَّ الرَّجُلَ يَتَقَالُّهَـا ، فَقَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (ﷺ) : ((**وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّهَا لَتَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ**))[1] .

واتـه : پیاوێك گوێی لـه پیاوێـك بـوو سـورەتـی ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ﴾ی دەخوێنـدەوە و چـەند بـارەی دەكـردەوە ، كـه ڕۆژی لـێبوویەوە هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئـەوەی بۆ باسكرد ، وەكو بڵێی پیاوەكە ئەو كارەی بە كـەم زانـی ، پێغەمبـەری خـوایش (ﷺ) فـەرمووی : سـوێند بـەو خوایـەی گیانی منی بە دەستە ئەو سورەتە بەرامبەر بـە یـەك لەسـەر سێی قورئانە .

---

[1] رواه البخاري وأحمد وفيه : ((**وَكَانَ الرَّجُلُ يَتَقَالُّهَا**)) من غير همز وهما لغتان .

وَعَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهَا) : ((أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ كُلَّ لَيْلَةٍ جَمَعَ كَفَّيْهِ ثُمَّ نَفَثَ فِيهِمَا فَقَرَأَ فِيهِمَا : ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ وَ ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ وَ ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا مَا اسْتَطَاعَ مِنْ جَسَدِهِ ، يَبْدَأُ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ وَوَجْهِهِ وَمَا أَقْبَلَ مِنْ جَسَدِهِ ، يَفْعَلُ ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ))[1] .

واته : کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشتە سەر جێی خەوتنەکەی هەموو شەوێك هەردوو لەپی کۆدەکردەوە ئەنجا فووی دەکرد پێیاندا و ئەم سورەتانەی تێدا دەخوێندن : ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾ پاشان هەردوو دەستی دەهێنا بەوەی کە لە توانایدا دەبوو لە لەشی ، سەرەتا بە هەردووکیان لە سەری و روومەتی و پێشەوەی لەشی دەستی پێدەکرد ، سێ جار ئەوەی دەکرد .

❁ ❁ ❁

---

[1] رواه البخاري وأبو داود وغيرهما .

**فەرموودەی سی و نۆیەم : (فَضْلُ آيَةِ الكُرْسِيِّ / فەزڵی (آيَةُ الكُرْسِي)) :**

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : ((**وَكَّلَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِحِفْظِ زَكَاةِ رَمَضَانَ ، فَأَتَانِي آتٍ فَجَعَلَ يَحْثُو مِنَ الطَّعَامِ فَأَخَذْتُهُ وَقُلْتُ : وَاللَّهِ لَأَرْفَعَنَّكَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)** ، - ثم قصَّ الحديثَ بطولهِ إلى أنْ قالَ لهُ الشَّيطانُ في الثالثةِ - : **دَعْنِي أُعَلِّمْكَ كَلِمَاتٍ يَنْفَعُكَ اللَّهُ بِهَا ، قُلْتُ : مَا هُوَ ؟ قَالَ : إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ فَاقْرَأْ آيَةَ الكُرْسِيِّ** : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ [البقرة] **حَتَّى تَخْتِمَ الآيَةَ ، فَإِنَّكَ لَنْ يَزَالَ عَلَيْكَ مِنَ اللَّهِ حَافِظٌ ، وَلَا يَقْرَبَنَّكَ شَيْطَانٌ حَتَّى تُصْبِحَ ، فَخَلَّيْتُ سَبِيلَهُ، فَأَصْبَحْتُ فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : مَا فَعَلَ أَسِيرُكَ البَارِحَةَ ؟ قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ زَعَمَ أَنَّهُ يُعَلِّمُنِي كَلِمَاتٍ يَنْفَعُنِي اللَّهُ بِهَا فَخَلَّيْتُ سَبِيلَهُ ، قَالَ : مَا هِيَ ؟ قُلْتُ : قَالَ لِي : إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ فَاقْرَأْ آيَةَ الكُرْسِيِّ مِنْ أَوَّلِهَا حَتَّى تَخْتِمَ الآيَةَ** : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ﴾ ، **وَقَالَ لِي : لَنْ يَزَالَ عَلَيْكَ مِنَ اللَّهِ حَافِظٌ ، وَلَا يَقْرَبُكَ شَيْطَانٌ حَتَّى تُصْبِحَ** ، - وَكَانُوا أَحْرَصَ شَيْءٍ عَلَى الخَيْرِ - ، **فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ)** :

أَمَا إِنَّهُ قَدْ صَدَقَكَ وَهُوَ كَذُوبٌ ، تَعْلَمُ مَنْ تُخَاطِبُ مُنْذُ ثَلَاثِ لَيَالٍ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ ؟ قَالَ: لَا ، قَالَ : ذَاكَ شَيْطَانٌ))(١).

واته : (أَبُو هُرَيْرَةَ ﵁) فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕایسپاردم بە پاراستنی سەرفترەی ڕەمەزان ، کەسێك هاتەسەرم و دەستیدایە بردنی هەندێك لەو خۆراکە و منیش گرتم و وتم : سوێند بە خوا بەرزت دەکەمەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ـ ئەنجا فەرموودەکەی بە درێژی گێڕایەوە تاوەکو شەیتان لە جاری سێیەمدا پێی وت ـ : وازم لێ بێنە چەند وتەیەکت فێردەکەم کە بە هۆیانەوە خوا سودت پێ دەگەیەنێت ، وتم : کامەیە ؟ وتی : کاتێك کە ڕۆیشتیتە سەر جێی خەوتنەکەت (آيَةُ الكُرْسِي) بخوێنە : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ... ﴿٢٥٥﴾ ﴾ [البقرة] تاوەکو ئایەتەکە کۆتایی پێدێنیت ، ئەوا بەڕاستی تۆ لە لایەن خواوە پارێزەرێکت بۆ هەیە و هیچ شەیتانێکیش نزیکت نابێتەوە تاوەکو ڕۆژت لێ دەبێتەوە ، بۆیە منیش

(١) رواه البخاري .

دەستبەرداری بووم و بەرمدا ، کە ڕۆژم لێبوویەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە منی فەرموو : دیلەکەی دوێنێ شەوت چی کرد ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا وای دەربڕی کە ئەو چەند وتەیەکم فێردەکات کە بە هۆیانەوە خوا سودم پێدەگەیەنێت و منیش دەستبەرداری بووم و بەرمدا ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : کامەیە ؟ وتم : پێی وتم : کاتێك کە ڕۆیشتیتە سەر جێی خەوتنەکەت (آيَةُ الكُرْسِي) بخوێنە لە سەرەتاکەیەوە : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ... ﴾ تاوەکو کۆتایی پێدێنیت ، وە پێی وتم : تۆ کە ئەوەت خوێند ئەوا لە لایەن خواوە پارێزەرێکت بۆ هەیە و هیچ شەیتانێکیش نزیکت نابێتەوە تاوەکو ڕۆژت لێدەبێتەوە ، ـ وە صەحابەکان زۆر سووبوون لەسەر فێربوونی خێر ـ ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : بزانە ئەو لەوەدا ڕاستی کردووە لەگەڵ تۆدا بەڵام خۆی زۆر درۆزنە و هەمیشە درۆدەکات ، ئایا دەزانیت ماوەی سێ شەوە تۆ لەگەڵ کێدا قسە دەکەیت ئەی (أَبُو هُرَيْرَةَ) ؟ فەرمووی : نەخێر ، فەرمووی : ئەوە شەیتانێك بوو .

فەرموودەی چلەم : (**فَضْلُ آخرِ آيتَينِ مِنَ سُورَةِ الْبَقَرَةِ** / **فەزڵی دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی** (الْبَقَرَة) ) :

عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ البَدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ : ((**الآيَتَانِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ البَقَرَةِ مَنْ قَرَأَهُمَا فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ**))[1] .

**واتە : دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (الْبَقَرَة) هەرکەسێك لە شەوێکدا بیانخوێنێت ئەوا بەسن بۆی و دەیپارێزن لە شەڕ و خراپە .**

**لێدوان :**

**واتای : ((كَفَتَاهُ)) : واتە : دەیپارێزن لە شەڕ و خراپە .**

**سوپاس بۆ خوا تەواو بوو لە بەرواری (٢٥ / ١٢ / ١٤٢٧) ك**

**بە پێنووسی** (أحمد بن عبد الرَّزَّاق بن مُحَمَّد آل إبراهيم العنقري)

**وە سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بە نیعمەتەکانی چاکەکان تەواو دەبن**

وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّم عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ

وَالتَّابِعِينَ لَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلَى يَومِ الدِّينِ

---

[1] متفق عليه .

سوپاس بۆ خوای گەورە دەستمدایە وەرگێڕانی
ئەم کتێبە زۆر بەسوود و گرنگە
لە ناو مزگەوتی شێخ إبراهیم / کەلار
لە ڕۆژی یەك شەممە / پێش نوێژی مەغریب
(٢٣ / ١ / ١٤٤١) بەرامبەر بە (٢٢ / ٩ / ٢٠١٩)

وە سوپاس بۆ خوای گەورە تەواو بووم لە وەرگێڕانی
لە ڕۆژی یەك شەممە / کاتژمێر : (٢٥ : ١١)ی پێش نیوەڕۆ
(١٠ / ٥ / ١٤٤١) بەرامبەر بە (٥ / ١ / ٢٠٢٠)
کوردستان / کەلار / مزگەوتی شێخ إبراهیم
محمد عبد الرحمن لطیف

# ناوەڕۆك


* پێشەكی وەرگێڕ .......... ٣
* پێشەكی دانەر .......... ١١
* چۆنێتی لەبەركردنی فەرموودەكان .......... ١٥
* وتاری كتێبەكە .......... ١٧

**بەشی یەكەم : ئەو فەرموودانەی كە هاتوون سەبارەت بە فەزڵەكانی قورئان خوێندنەوە و بە كۆمەڵ ڕامان تێیدا**

* فەرموودەی یەكەم : **(فەزڵی بە كۆمەڵ ڕامان و ووردبوونەوە لە قورئان)** ...... ١٩
* فەرموودەی دووەم : **(خوێندنەوەی پیتێك لە كتێبەكە خوا بە دە چاكەیە)** ..... ٢١
* فەرموودەی سێیەم : **(شەفاعەت و تكاكردنی قورئان بۆ هاوەڵەكانی لە ڕۆژی قیامەتدا)** .......... ٢٢

فەرموودەی چوارەم : **(نموونەی ئەو ئیماندارەی كە قورئان دەخوێنێت و هەروەها موونافقیش)** .......... ٢٣

فەرموودەی پێنجەم : **(پاداشتی ئەو كەسەی قورئان بە ڕەوانی دەخوێنێت و ئەوەشی زمانی تەتەڵەی تێدا دەكات)** .......... ٢٥

* فەرموودەی شەشەم : **(فەزڵی قورئان خوێندن لە ناو نوێژدا)** .......... ٢٧
* فەرموودەی حەوتەم : **(فەزڵی ئەو كەسانەی كردەوە بە قورئان دەكەن)** ....... ٢٨
* فەرموودەی هەشتەم : **(فەزڵی خوێندنەوەی (سُورَةُ الْبَقَرَة) لە ماڵدا)** .......... ٣٢
* فەرموودەی نۆیەم : **(فەزڵی ئەو كەسەی كە بە ئاشكرا و ئەوەیش كە بە نهێنی قورئان دەخوێنێتەوە)** .......... ٣٣
* فەرموودەی دەیەم : **(خۆشەویستی بیستنی قورئان)** .......... ٣٤

**بەشی دووەم : سەبارەت بە ئاداب و ئەحكامەكان**

* فەرموودەی یازدەیەم : **(ئاواتخواستن بە هاوەڵی قورئان)** .......... ٣٦
* فەرموودەی دوازەیەم : **(چۆنێتی قورئان خوێندنەوەی پێغەمبەر ﷺ)** .......... ٣٨
* فەرموودەی سیانزەیەم : **(ئەو ماوەیەی كە هەموو قورئانی تێدا دەخوێنرێتەوە)** ... ٤٠
* فەرموودەی چواردەیەم : **(خۆشویستراوە ـ سوننەتە ـ بۆ كەسێك كە بەسەر ئایەتی سوجدەدا تێپەڕبوو سوجدە ببات)** .......... ٤٣

* فەرموودەی پانزەیەم : (ناپەسندێتی دەنگ هەڵبڕین بە قورئان خوێندن ئەگەر ئەوانەی چواردەوری ئەزێتیان لێ ببینی) .......... ٤٥
* فەرموودەی شانزەیەم : (ڕەوشت و ئەخلاقی پێغەمبەر ﷺ) .......... ٤٦
* فەرموودەی حەڤدەیەم : (دروستێتی قورئان خوێندن بەسەر ولاخەوە و دروستێتی جوانکاری لە خوێندنەوەیدا) .......... ٤٩
* فەرموودەی هەژدەیەم : (ڕێگری کردن لە سەفەرکردن بە (موصحەف) بۆ وڵاتی کافران و دوژمن ئەگەر مەترسی ئەوە هەبوو بکەوێتە دەستیان) .......... ٥١
* فەرموودەی نۆزدەیەم : (ئەو کەسە چی دەکات کە قورئانی لێ تێکەڵ دەبێت لەبەر زۆری باوێشکدان و خەوهاتن) .......... ٥٢
* فەرموودەی بیستەم : (وتەی مامۆستای قورئان بۆ قوتابی قورئان خوێندن : ئەوەندەت بەسە) .......... ٥٣

بەشی سێیەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە
فەزڵ و چاکەی لەبەرکردنی کتێبەکەی خوا و پاداشتی خاوەنەکەی

* فەرموودەی بیست و یەکەم : (بەڕاستی ئەو کەسەی کە فێری قورئان دەبێت و خەڵکیشی لێ فێردەکات لە باشترین و چاکترینی ئەم ئوممەتەیە) .......... ٥٥
* فەرموودەی بیست و دووەم : (بەرزبوونەوەی ئەهلی قورئان ئەگەر چی کۆیلەیش بن) ... ٥٧
* فەرموودەی بیست و سێیەم : (ئەهلی قورئان ئەوانن دۆستانی خوا و کەسانی نزیك و تایبەت بە ئەو) .......... ٦٠
* فەرموودەی بیست و چوارەم : (فەزڵ و چاکەی هاوەڵی قورئان کاتێك کە دەچێتە ناو بەهەشتەوە) .......... ٦١
* فەرموودەی بیست و پێنجەم : (فەزڵ و چاکەی لەبەرکەری قورئان و ئەو پاداشتە گەورانەی کە بۆی هەیە) .......... ٦٢
* فەرموودەی بیست و شەشەم : (ڕێزلێنان لە ئەهلی قورئان و گەورەڕاگرتن و حورمەتگرتیان و خۆبەدوورگرتن لە ئەزیەتدانیان) .......... ٦٥

بەشی چوارەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە
هاندان لەسەر پارێزگاری لێکردن و پێداچوونەوەی قورئان

* فەرموودەی بیست و حەوتەم : (پارێزگاری لێکردن و وەبیرهێنانەوەی قورئان) ... ٦٦

* فەرموودەی بیست و هەشتەم : (**پارێزگاری کردن لە قورئان بە شەو و بە ڕۆژ ئەگینا لەبیردەچێتەوە**) ........................................ ٦٨

* فەرموودەی بیست و نۆیەم : (**ئەو کەسە چی دەڵێت کە ئایەتێك یان سورەتێکی لەبیردەبرێتەوە**) ........................................ ٧٠

**بەشی پێنجەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە خۆشویستراوێتی دەنگ ڕازاندنەوە بە قورئان خوێندن**

* فەرموودەی سییەم : (**جوان کردن و ڕازاندنەوەی دەنگ لە کاتی قورئان خوێندن بە پێی توانا**) ........................................ ٧٢

* فەرموودەی سی و یەکەم : (**ستایش کردنی کەسێك ئەگەر شایستەبوو وە دڵنیابوونیش هەبێت لەوەی کە تووشی فیتنە و گرفت نابێت**) ................ ٧٤

**بەشی شەشەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە نیازپاکی لە کردەوەدا بۆ خوای گەورە**

* فەرموودەی سی و دووەم : (**ئەو کەسەی کە پێشچاوی دەکات بە قورئان خوێندنەکەی**) ........................................ ٧٦

* فەرموودەی سی و سێیەم : (**قورئان بەڵگەیە بۆ تۆ یان بەڵگەیە لەسەر تۆ**) .... ٧٩

**بەشی حەوتەم : ئەو فەرموودانەی کە هاتوون سەبارەت بە فەزڵ و چاکەکانی هەندێك لە سورەتەکان**

* فەرموودەی سی و چوارەم : (**فەزڵی سورەتی** : الفَاتِحَة) ........................ ٨٠

* فەرموودەی سی و پێنجەم : (**فەزڵی سورەتی** : الْبَقَرَة وآلِ عِمْرَان) ................ ٨٣

* فەرموودەی سی و شەشەم : (**فەزڵی سورەتی** : الْكَهْف) .................... ٨٥

* فەرموودەی سی و حەوتەم : (**فەزڵی سورەتی** : الْمُلْك) .................... ٨٧

* فەرموودەی سی و هەشتەم : (**فەزڵی سورەتی** ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ **و هەردوو سورەتی پەناپێگرتنەکان : فەلەق و ناس**) .................... ٨٨

* فەرموودەی سی و نۆیەم : (**فەزڵی** : آيَةُ الكُرْسِي) .................... ٩٠

* فەرموودەی چلەم : (**فەزڵی دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی** : الْبَقَرَة) ............ ٩٣

# إسنادي وإجازتي برواية الكتاب عن الـمؤلف

بسم الله الرحمن الرحيم

الْحَمْدُ للَّه رَبِّ الْعَالَمِينَ ، وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ، وَصَلَّى اللهُ وَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُوْلِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِيْنَ ، أَمَّا بَعْدُ :

فَأَخْبَرَنَا شَيْخُنَا أَحْمَدُ بْنُ عَبْدِ الرَّزَاقِ بْنِ مُحُمَّد آل إِبْرَاهِيم العَنْقَرِيُّ أَكْرَمُهُ اللهُ تَعَالَى بِكِتَابِهِ (**الأَرْبَعُونَ القُرْآنِيَّةُ**) - إِجَازَةً خَاصَّةً وعامَّة - لَيْلَةَ الخَمِيسِ الثَّامِنَ وَالْعِشْرِينَ مِنْ شَهْرِ رَبِيعِ الآخِرِ سَنَةَ (١٤٣٨ هـ) بِمَدِينَةِ الرِّيَاضِ عَاصِمَة بِلَادِ التَّوحِيدِ ، وَأَخْبَرَنَا بِهِ أيضًا مَرَّةً ثَانِيَةً سَمَاعًا عَلَيهِ لِجَمِيعِهِ - **قُرِئَ عَلَيْهِ وَأَنَا أَسْمَعُ** - فِي مَجْلِسٍ واحِدٍ (يَومَ الخَمِيسِ الرَّابِعَ وَالعِشْرِينَ مِنْ شَهْرِ مُحَرَّم سَنَةَ ١٤٤٠هـ) .

## نَصُّ الإِجَازَةِ

أَجَزْتُ الشَّيْخَ : (محمد بن عبد الرحمن بن لطيف بن سُليمان الكلاري الكردي) بِمَا (سَمِعَ عليَّ بقراءةِ الأخ سردار بن جبار بن مُحي الدين الكردي) كِتَابَ (**الأَرْبَعُونَ القُرْآنِيَّةُ**) إِجَازَةً خَاصَّةً

وبكل ما تصح لِي روايته إجازة عامة بشرطها الـمعتبر عند أئمة الاتقان والأثر .

وَأُوصِي حَامِلَ هَذه الإِجَازَة بِتَقوَى الله وَالتَّمَسُك بِالْكتَاب وَالسُّنَّة وَالْعَمَلِ بِهِمَا بِفَهْمِ السَّلَف الصَّالِحِ ، وَأَنْ يَأْخُذَ الْكِتَابَ بِحَقِّه ، وَحَقُّهُ : الْعَمَلُ بِمَا وَرَدَ فيه منَ الأَحَاديث الشَّرِيفَة وَتَدَبُّرُ تَعْلقَاته وَأَبْوَابِه ، وَتَسْهِيلِ العلم لِـمَنْ طَلَبَهُ من غَيرِ تَنطُّعٍ وَلَا تَكَلُّفٍ ، وَأَنْ يَرْفُقَ بِمَنْ يَقْرَأُ عَلَيه ، وَإِنِّي لَأَرْجُو أَلَّا أُحْرَمَ مِنْ دَعوَاته لِي وَلِوَالدَيَّ وَلِمَشَايِخي وَلِمَنْ طَبَعَ وَقَرَأَ وَحَفِظَ وَنَشَرَ الْكِتَابَ بِالرَّحْمَة وَالثَّبَاتِ عَلَى الْحَقِّ حَتَّى نَلْقَاهُ مُوحِدِينَ وَلِسُنَّة نَبِيِّه مُتَّبِعِينَ وَبِـنَهْجِ السَّلَفِ مُقْتَدِينَ ، وَالـحَمْدُ لله رَبِّ العَالَمِيْنَ .

الـمُجيز مؤلف الكتاب

أحمد بن عبد الرزاق بن محمد آل إبراهيم العنقري

حُرِّرَ بـمدينة الرياض بتاريخ ٢٨ / ٤ / ١٤٣٨ هـ

وصَحَّ ذلك وثبت السماع أيضا من مدينة الرياض

يوم الـخميس ٢٤ / مـحرَّم / ١٤٤٠ هـ)

خوێنەری بەڕێز :

ئەم کتێبە زۆر بەسوودەیش بخوێنەرەوە :

# چل
# فەرموودەکەی نەوەوی

(الأربعون النووية)

للإمام مُـــحيي الدين النووي الشافعي رحمه الله

**( ٦٣١ ـ ٦٧٦ هـ )**

وەرگێڕانی

**محمد عبد الرحمن لطيف**

وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ إبراهیم) / کەلار